شرح
الأصول الستة
لشيخ الإسلام محمد بن عبد الوهاب

شەش بنچینەکە

شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی

لەلایەن شێخ ئوسامە تەوحیدی

(شارەزووری)

دیزاینی بەرگ

١٤٤٧ هجري

ئامادە کراوە لە لایەن

(مسلم المهاجر & ابو نوح الكوردي)

بسم الله الرحمن الرحيم

نووسینی :

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی (شارەزووری)

عفا اللّه عنه

مناصري

الدولة الإسلامية
خلافةٌ على مِنهاج النُّبوَّة

بنـەمـاڵـەی ئیمـام

شـێخ محمد رحمه الله تعالى
باوکی و باپیریشی زانابوونە لەماڵێ پڕ لە عیلم و دینداری و ئەدەبـدا گەورە بووە

عبدالوهاب کە باوکی شێخ محمدە لەساڵی 1153 ـی کۆچی وەفاتی کردووە یەکێک بووە لەگەورە زاناکان وە پۆستی موفتی هەبووە لەشاری العيينه وە پلە و پۆستی دادوەری هەبووە لە حريمـلا

باپیری کەناسراوە بە سلیمان بن علي لەساڵی 1079 ـی کۆچی وەفاتی کردووە موفـتی هەموو نەجـد بووە وە سەرۆکی زاناکان بووە وە مەرجەع بووە لەلای هەموو زاناکانی نەجد

شيخ إبراهيم بن سليمان بن علي کەدەکـاتە مامی شێخ محمد ئەم پیاوە بەڕێزەش زانایەکی گەورە بووە.

شيخ عبدالرحمن بن إبراهيم ئامۆزای شيخ محمد بووە ئەم پیاوەش یەکێکە لەزاناکان

شيخ أحمد بن سليمان بن علي ئەم پیاوەش مامی شێخ محمد بووە

لە پێنج کوڕەکەی شێخ محمد چوار دانەیان لە گەورەیان زانایانن

الشيخ سيف بن محمد بن عزاز خاڵی شێخ محمد بووە

ســـــەردەم ـی شێخ محمد ـی کوڕی عبدالوهاب

سەرەڕای بوونی دەستەیەک لەزانایان بەڵام لەوسەردەمی شێخ ـدا جەهل و شیرک بەجۆرێ باڵیکێشابوو بەسەر ئومەتدا وەک هەورێکی ڕەش ئاسمانی جیهانی ئیسلامی داپۆشی بـوو بەجۆرێ تەوحیـد زۆر نامۆ بوو سونەت شاراوە بوو شیرک بەربـڵاو بـوو و بیدعە باڵادەست بوو

بوونی چەندان دەستەوگروپی گومڕا و هەڵگەڕاوە لەئیسـلام بڵاوبونەوەی شـیرک و کوفر بەهەموو جۆرەکانیەوە
و زۆری تـاوان و فەسـادی گرنگی نەدان بەدین حوکم کـردن بەغەیری شەرعی الله تعالى

ژیان نامەی ئیمام

شەش بنچینەکەی شێخ ـی ئیمام محمدی کوڕی عبدالوهاب رحمه الله (اصول السته)
بسم الله الرحمن الرحيم
الحمد الله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا و رسولنا محمدﷺ وعلى آله وأصحابه أجمعين.
شيخ الإسلام محمد بن عبد الوهاب رحمه الله ئەفەرمووێت

بسم الله الرحمن الرحيم

مِنْ أَعْجَبِ العُجَابِ وَأَكْبَرِ الآيَاتِ الدَّالَّةِ عَلَى قُدْرَةِ المَلِكِ الغَلَّابِ سِتَّةُ أُصُولٍ بَيَّنَهَا اللهُ تَعَالَى بَيَانًا وَاضِحًا لِلْعَوَامِ فَوْقَ مَا يَظُنُّ الظَّانُّون، ثُمَّ بَعْدَ هَذَا غَلَطَ فِيهَا كَثِيرٌ مِنْ أَذْكِيَاءِ العَالَمِ وَعُقَلَاءِ بَنِي آدَمَ إِلَّا أَقَلَّ القَلِيلِ.

واتا: لەسەر سورِێنەرترینی سەرسوڕێنەرەکان و گەورەترین نیشانەکان کە ئاماژەن بۆ دەسەڵات وتوانای الله تعالى شەش بنچینەیە کە الله تعالى بەجۆری ڕونیکردۆتەوە بۆ خەڵکی ئاسایی لەسەرووی ئەوەی گومانکاران بیری لێ ئەکەنەوە پاشان سەرەڕای ڕوون و ئاشکرایی ئەم شەش بنچینەیە زۆرێک لەزیرەکەکانی جیهان و داناکانی نەوەی ئادەم لەم شەش بنچینەیەدا هەڵەیان کردووە تەنها کەمێک نەبێت.

شێخ ـی ئیمام محمدی کوڕی عبدالوهاب لەو نامیلکەیەدا شەش بنچینەی گەورە باس ئەکات

سەرەتا پێم خۆشە بەکورت و پوختی بزانین ئەم زانا بەڕێزە کێیە ڕەحمەتی الله ـی لێ بێت

شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب رحمه الله کێیە ؟

ناوی تەواوی

محمد کوڕی عبدالوهاب کوڕی سلیمان کوڕی علي کوڕی محمد
نازناوەکەی ابو الحسن ـە
شێخ رحمه الله لەساڵی (1115)ـی کۆچی لەشاری (العُيَيْنَة) لەدایکبووە
وە لەساڵی (1206)ـی کۆچی لەشاری (الدرعية) کۆچی دوای کردووە هەرلەوێشدا نێژراوە

شیرکـ لەلای زۆربەی بەناو موسڵمانان کرابوو بەدین

بەڵام بەفەزڵ و منەتی الله تعالی پاشان بەهەوڵ و کۆششی هەردوو ئیمام
ئیمـام محمدی کوڕی عبدالوهاب
لەگەڵ ئیمام محمد بن سعود
توانـیان بەقورئانی ڕێپیشاندەر و شمشێری سەرخـەر جێگا شیرکیەکـان بڕوخێنن و بیدعە سەرکـوت بـکەن
و حوکم ـی الله تعالی فەرزبکەن و جیهاد و غەنیمەت و حەددە شەرعیەکان پەیڕەوبکەن
سوپاس بۆ الله تعالی ڕۆژی شیرک و کوفریان ئاوا کـرد ئاڵای تەوحیـد و سوننەتیان هەڵکرد
و هێرش و جیهاد لەسەر جیهـاد دژی هەڵگەڕاوەکـان بەردەوام بـوون تا ئەم بانگەوازی تەوحیدەیان بەهەموو شار و لادێ و وڵاتان بـڵاوکـردەوە.

لـەڕوانـگـەی زانـسـتـەوە

نەجد سەر بەمەزهەبی حەنبەلی بـوون مەزهەبی ئیمـام أحمد بن حنبل رحمە الله تعالی، بۆیە پێش بانگەوازەکەی شێخ محمد زاناکانی نەجد تەنها گرنگیان بەباسی فیقهـ ئەیا دووربوون لەزانستەکانی تەفسیر و حەدیث و زانستە جۆراوجۆرە شەرعیەکان

بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی بـانگەوازی شێخ محمد ڕۆڵ گەڕایەوە بۆ زانستەکانی تەفسیر و فەرموودە و تەوحید و سیرە و...هتد

لـەڕووی سـیـاسـیـەوە

پێش بانگەوازی شێخ محمد
نەجـد پێکهاتبوو لەچەند ویلایەتێ و هەرکەسەو ئەمیرایەتی بۆخۆی ئەکـرد و دوور لەشەرعی الله تعالی

بەڵام دوای بانگەوازەکەی شێخ محمد دەوڵەتێـکی پتەوی ئـیسلامی بەهێز لەسەر کیتاب و سوونەت بونیادنرا و ئاڵای تەوحید و محمد رسول الله ـی بەرزکردەوە بە وتە و کردار

شێخ محمد رحمە الله تعالی لەپێش تەمەنی 10 ساڵیدا قورئانی پیـرۆزی هەموو لەبەرکـردووە.

گەڕانی ئیمام بەدوای زانست

وەشێخ بۆزانست گەڕاوە بەشاران و وڵاتان ڕۆشتووە بۆلای زاناکانی مەککە و مەدینە پاشان ڕۆشتووە بۆ عێراق پاشان الاحساء وە ئیجازەی وەرگرتووە لەلایەن زاناکان وە زاناکان وەسفیان کردووە بەزیرەکی و لێهاتووی و دانای.

سەنەدی زانستی شێخ محمد ئەگەڕێتەوە بۆ ئیمامەکانی حەنابیلە.

شیخ عبداللطیف کوڕەزای شێخ محمد ئەفەرموێت
: أخذ الفقه عن أبيه، عن جده سليمان بن علي مفتي الديار النجدية في وقته، وسنده المتصل بأئمة المذهب إلى الإمام أحمد

فیقهی وەرگرتووە لەباوکی لەباپیریەوە سلیمان بن علی موفتی نەجد لەسەردەمی خۆیدا وە سەنەدی شێخ پەیوەستە بە پێشەوایانی مەزهەب تا ئەگاتەوە بە ئیمامی احمد رحمە الله تعالی.

وسمِع الحديث عن أشياخ الحرمين في وقته، وأجازه الكثير منهم، ومن أعلامهم محدِّث الحرمين الشيخ محمد حياة السندي

وە فەرموودەی لەشێخەکانی مەککە و مەدینە وەرگرتووە لەسەردەمی خۆیدا وە زۆرێکیان ئیجازەیان پێداوە لەدیارترینیان زانای فەرموودەناسی حەرەمەین الشیخ محمد حیاة السندی. مصباح الظلام ص 154.

الشیخ عبداللطیف رحمە الله تعالی: ئەفەرموێت

مَن طالع كتاب التوحيد وغيره من مصنفاته، عرَف فضل الشيخ وعلمه، وأنه مِن أدق الناس فهمًا، وأغزرهم علمًا، وإنما يرجع أهل نجد في وقته إليه في سائر العلوم الشرعية

واتا: هەرکەس کتاب التوحید ـی شێخ محمدی خوێندبێتەوە وە نوسراوەکانی تری خوێندبێتەوە فەزڵ و زانستی شێخ ـی بۆ دەرئەکەوێت کەشێخ یەکێک بووە خاوەن وردترین تێگەیشتن بووە خاوەن زۆرترین زانست بووە وە خەڵکی نەجد لەسەردەمی شێخ ـدا ئەگەڕانەوە بۆلای شێخ محمد لەهەموو زانستە جیاجیاکانی شەرعی
مصباح الظلام ص 157.

وەسفی زاناکان بۆ شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب

- الشيخ محمد بن إسماعيل الصنعانيٌ
- الشيخ محمد بن علي الشوكاني
- الشيخ ملا عمران
- الشيخ محمد الحفظي
- الشيخ محمود شكري الألوسي لە کتابی
- (تاريخ نجد)
- الشيخ عبدالقادر بن بدران - زانای شام

سیفات و ڕەوشتی شێخ محمد رحمە الله تعالی

شێخ کەسێکی ڕووکراوەبووە پیاوێکی خۆبەکەم زان بوو
زانا و الله پەرست و زاهید و خاوەن وەرع بوو بانگخوازی ڕێگەی حەق بوو لەپێناو الله تعالى لەلۆمەی لۆمەکار نەئەترسا.

مامۆستاکانی شێخ محمد رحمە الله تعالی

- عبدالوهاب باوکی شێخ (ت: 1153ھ).
- الشيخ عبدالله بن إبراهيم بن سيف مامۆستای بووە لە مەدینە وانەی فیقهـ و اصولی بەشێخ وتووەتەوە.
- الشيخ المحدِّث محمد حياة السندي
- الشيخ محمد المجموعي مامۆستای بووە لە عێراق
- الشيخ عبدالله بن محمد بن عبداللطيف مامۆستای بووە لە الاحساء

زۆرێکی تر کە لێرەدا ئێمە زۆر بە پوختی باسی ئەکەین.

هەندێک لەقوتابیەکانی شێخ رحمە الله تعالی

- الشيخ عبدالرحمن بن حسن کوڕەزای شێخ محمد بووە
- الشيخ حمد بن ناصر بن معمر
- الشيخ حسين بن غنام
- الشيخ عبدالعزيز الحصين
- الشيخ عبدالعزيز بن سويلم

ألأَصْلُ الأَوَّلُ

يەكەم بنچينە

شـێخ محمد بن عبدالوهاب
ئەفەرمووێ ئەم شەش بنچینەیە هێندە ڕوون و ئاشکرایە لەقورئان وسونەت هێندە ڕوونە خەڵکی عەوام یش لێی تێ ئەگات کەچـی زانا و داناکان لەم شەش بنچینەیە تێکەوتوون !
ئەگەر لە ئەم شەش بنچینەیە زانا و داناکان تێکەوتبن ئەوە لەپێشترە خەڵکانی ئاسایی تێکەوتبن تێیدا
کەواتا ناسینی ئەم شەش بنچینەیە زۆر گرنگە نەوەک هەر یەکێ لەئێمە تێ بکەوین و ئاگامان لەخۆمان نەبێت

بنچینەی یـەکەم

إِخْلَاصُ الدِّينِ للهِ تَعَالَى وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَبَيَانُ ضِدِّهِ الَّذِي هُوَ الشِّرْكُ بِاللهِ، وَكَوْنُ أَكْثَرِ القُرْآنِ فِي بَيَانِ هَذَا الأَصْلِ مِنْ وُجُوهٍ شَتَّى بِكَلَامٍ يَفْهَمُهُ أَبْلَدُ العَامَّةِ، ثُمَّ لَمَّا صَارَ عَلَى أَكْثَرِ الأُمَّةِ مَا صَارَ أَظْهَرَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ الإِخْلَاصَ فِي صُورَةِ تَنَقُّصِ الصَّالِحِينَ وَالتَّقْصِيرِ فِي حُقُوقِهِمْ، وَأَظْهَرَ لَهُمُ الشِّرْكَ بِاللهِ فِي صُورَةِ مَحَبَّةِ الصَّالِحِينَ وَأَتْبَاعِهِمْ .

یەکلاکردنەوەی دین تەنها و تەنها بۆ الله تعالی و بێ دانانی هیچ هاوبەشێ بۆ الله تعالی وە وە ڕوونکردنەوەی پێچەوانەکەی کە شەریکدانانە بۆ الله تعالی
بەجۆرێ زۆربەی قورئانی پیرۆز ئەم جۆرە شیرکە ڕوون ئەکاتەوە بەچەندان شێوازی جۆراو جۆر
بەشێوەیە ڕوونی ئەکاتەوە کە ناکارامەترینی خەڵکی عەوام لێی تێ ئەگات پاشان ئەوەی بەسەر زۆرینەی ئومەت هات کە بەسەریدا هات شەیطان وای پیشان ـدان کە یەکلاکردنەوەی دین کەمکردنەوەی ڕێزی پیاوچاکانە و کەمتەرخەمیکردنە لە مافەکانیان
وە شەریکدانانی بۆ الله تعالی واپیشان خەڵکـی یا لەبەرگی خۆشویستنی پیاوچاکان و شوێنکەوتنی پیاوچاکان .

ڕونکردنەوە لەسەر وتەکەی شێخ رحمە الله تعالی

یەکلاکردنەوەی دین بۆ الله تعالی بنچینە و بناغەی دینە وە مانای لااله الاالله بریتیە لەپەرستنی الله تعالی بەتاک و تەنها وەک
الله تعالی فەرمانیکـردووە
{وَقَضَى رَبُّكَ} یانی پەروەردگارت بـڕیاریاوە {أَلاَّ تَعْبُدُوا} کەس نەپەرسـتیت ئەمە مانای (لا الــه) ـە {إِلاَّ إِيَّاهُ} تەنها الله تعالی بپەرستە بەتەنهـا ئەمەش مانای إلا الله یە [الإسراء:٢٣]

کەزانیت پەرستن تەنها بۆ الله تعالی ئەکرێ ئەی کەواتـا پەرسـتن چیە؟
پەرستن بریتیە لە
اسم جامع لكل ما يحبه الله ويرضاه من الأقوال والأعمال الظاهرة والباطن؛ كالدعاء، والصلاة، والخوف، والرجاء، والمحبة، وغير ذلك من العبادات

واتا :ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو شـتێ کە الله تعالی پێی خۆشـە و پێی ڕازیـە لەوتە و کردارەکان لە زاهیردا وەکـ پاڕانەوە و نوێژکردن و ترسان لە الله تعالی و ئومـێد بوون بە الله تعالی و خۆشویستن و جگە لەوەش لە عیباداتەکانی تر
کەواتـا هەموو جۆرەکانی پەرستن بۆ الله تعالی ئەنجام بەیت

پاشـان شێخ فەرمووی ڕوونکردنەوەی پێچەوانەکەی کە بریتیە لە شیرک
ئاگادارکردنەوە لە شـیرک فەرزە

چونکە الله تعالی فەرمانی بە پێغەمبەر صلی الله تعالی علیه وسلم کردووە خەڵکـ وریابکاتەوە لەشـیرک قال الله تعالی{يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ قُمْ فَأَنذِرْ} [المدثر: ١-٢]

وە فێرکردنی خەڵکی بەوەی
الله تعالی بڕیاری یاوە لەهەموو تاوانێ خۆش ببێت بۆ هەرکەسێ خۆی ویستی لێ بێت تەنها شـیرک نەبێت قال الله تعالی: {إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا} [النساء:٤٨] .

شـیرک چیـە؟
پێغەمبەر صلی الله تعالی علیه وسلم ـدەفەرموێت
أن تجعل لله ندًا وهو خلقك . بخاري ومسلم
واتا: هاوشێوە بۆ الله تعالی بڕیاربەیت لەکاتێکدا الله تعالی دروستی کـردووی .

ئەصڵی شـیرک چوار جۆرە
①شـیرکی پاڕانەوە کە لەغەیری الله تعالی بپاڕێیتەوە

قال الله تعالی
{وَلاَ تَدْعُ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَنفَعُكَ وَلاَ يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ الظَّالِمِينَ} [يونس: (106)] .

واتە: داوا مەکە لە جگە لە الله تعالی و لێی مەپاڕێرەوە کە نە سوودت پێ دەگەیەنێت و نە زیان، وە ئەگەر ئەمەت کرد ـ واتە: ئەگەر هاوارت کردە غەیری الله تعالی و لێی پاڕایتەوە ـ ئەوا تۆ لە ستەمکارە هاوەڵ بڕیاردەرەکانی.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ـدەفەرمووێت
((مَنْ مات وهو یدعو مِنْ دون الله نِدّاً دخلَ الـنار)) [صحیح البخاري (4497) و صحیح مسلم (92)] .

واتا: هەرکەسێك بمرێت لە کاتێکدا کە شەریك و هاوشێوازێکی بۆ الله تعالی دانابێت و هاواری تێکردبێت و لێی پاڕابێتـەوە ئەوا دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.
چونکە دوعا و پاڕانەوە پەرستن و عیبادەتە،

بەڵگە لەسەر ئەوەی پاڕانەوە لەجۆرەکانی پەرستنە
قال الله تعالی
{وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ} [غافـر: (60)] .

واتا: پەروەردگارتان فەرموویەتی: ئێوە داوام لێ بکەن و لێم بپاڕێنەوە منیش وەڵامتان دەدەمەوە و دوعاکانتان گیرا دەکەم، ئا ئەوانەی کەوا خۆیان بە گەورە دادەنێن لە ئاستی پەرستنم ئا ئەوانە دەچنە ناو جەهەنم و دۆزەخەوە بە سەرشۆڕیەوە.

کەواتـە بەدەقی ئایەتەکە پاڕانەوە لە الله تعالی پەرستنی الله تعالی ـە
پاڕانەوە لەغەیری الله تعالی پەرستنی غەیری الله تعالی ـە

پێغەمبەر صلی الله تعالی علیه وسـلـم ـدەفەرمووێت : ((الدُّعاءُ هو العِـبادة)) [صحیح سنن الترمذي(2962)] .

کەوابــوو عیبـــادەتیش هەر بۆ الله تعالی ئەنجام دەدرێت وەک لەناو نوێژدا هەمووکات ئەڵێین {إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ} .
پەروەردگارم من تەنها تۆ دەپەرستم و تەنهاش داوای یارمەتی لە تۆ دەکەم.

②شیرکی گوێڕایەڵی کە حەڵاڵ و حەرام لەغەیری الله تعالی وەربگریت

لەقورئانی پیرۆزدا الله تعالی ڕونیکردۆتەوە کە هەرکەسێ لەجیاتی وەرگرتنی یاساکانی الله تعالی خۆی یاسا بۆخەڵک دابنێت بەهەوا و هەوەسی خۆی حەڵاڵەکانی الله تعالی قەدەغە بکات و قەدەغەکانی الله تعالی حەڵاڵ بکات ئەوا الله تعالی ناوی ئەم کەسانەی بەوەبردووە کەخۆیان کردووە بەخوا بەسەرخەڵکەوە پەنا بە الله تعالی

قال الله تعالی: {اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ} [التوبة :31].

واتا: جولەکە و گاورەکان، زاناکان و خواپەرستەکانیان کردبوو بەپەروەردگاری خۆیان لەجیاتی الله تعالی ئەوانیان دەپەرست وە هەروەها مەسیح ـی کوڕی مەریەمیانیش دەپەرست لەکاتێکدا فەرمانیان پێکرابوو تەنها الله تعالی بپەرست بەتاک وتەنها و هیچ پەرستراوێ بەحەق نیە ئیلا الله تعالی نەبێت پاک و بێ گەردی لەوەی هاوبەشی بۆ دادەنێن

قال تعالی: {وَلاَ يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا *}[الكهف: 26]
واتە: الله تعالی هیچ هاوبەشێکی نیە لەحوکم ویاساکانیدا

هەروەک چۆن خەڵق وبەدیهێنانی مەخلوقات تەنها کاری الله تعالی ـیە ئاواش بڕیار و یاسا دەرکردن تەنها مافی الله تعالی ـیە

الله تعالی دەفەرمووێت
{أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ} [الاعراف :54].
واتا: چاکبزانن دروستکردن و فەرمان دەرکردن تەنها بۆ الله یە تبارک و تعالی کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە

③شیرکی نیەت کە نیەتت غەیری الله تعالی بێت
قال الله تعالی {قُلْ إِنَّ صَلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * لا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ } [الأنعام: 162-163].

پێیان بڵێ نوێژخوێندن و سەربڕین ـی ئاژەڵ و ژین و مردنم هەرهەمووی بۆ الله تعالی یە وە بەمە فەرمانم پێکراوە وەمن یەکەمین موسڵمانم .

وقَالَ تَعَالَى: { وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ } [البينة: 5].

فەرمانیان پێنەکراوبوو تەنها بەوەنەبێت کە الله تعالی بپەرستن بەئیخلاص و نیەت پاکی بۆ الله تعالی نەبێت وەخۆیان لابدەن لەهەموو شیرکـ و کوفرێک

④ شیرکی خۆشویستن کەسێکت خۆش بوێت وەک چۆن الله تعالی ـت خۆشەوێت یان لەکەسێ بترسیت وەک چۆن لە الله تعالی ـدەترسیت

بەجێبەجێکردنی ئەو دووخاڵە میلەتی ابراهیم دێتە جێبەجێکردن
یەکەم یەکلابونەوە بۆ الله تعالی لەهەموو پەرستشەکان
دووەم خۆبەریکردن لەشیرکـ

میلەتی ابراهیم چیە؟
قال الله تعالی: {قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ} [الممتحنة: ٤] .

الله تعالی فەرمانی کـردووە چاو لە ابراهیم علیە السلام و شوێنکەوتوانی بکەین کاتێ بەگەلەکەیان فەرموو ئێمــە

1. بەریئـــین لەئێوە
2. لەپەرستراوەکانتان
3. بێ باوەڕین پێتان
4. لەنێوان ئێمە و ئێوە دوژمنایەتی بەرپابووە (دوژمنایەتی بەلاشە و جەستە دەکرێت)
5. وە ڕقایەتی لەنێوان ئێمە وئێوە بەرپابووە (ڕق شوێنەکەی دڵە واتە دەبێت لەدڵەوە ڕقت لێـیان بێت بەلاشە دژایەتیان بکەی)
6. تا ئـیمان دەهێنن بە الله تعالی بەتاک و تەنها (ئەمەش تەکـفیر کردنیانە)

کەواتـە لەگەڵ پەرستنی الله تعالی ئەبێت الله تعالی پەرستانت خۆش بوێت لەگەڵ ڕق بونت لەشیرک دژی شیرک و خاوەن شیرکەکان بێت

کەواتـا ئیخلاص بۆ الله تعالی بریتیە لەوەی هەموو جۆرە پەرستنەکان بۆ الله تعالی ئەنجام بەیت ئەمەش تەوحیـدە
بەڵام پێچەوانەکەی بریتیە لەشیرک کە بریتیە لەوەی جۆرێک لەجۆرەکانی پەرستن بۆ غەیری الله تعالی ئەنجام بەیت
جا ئەو پەرستنە نوێژکردن بێت بۆ غەیری الله تعالی
یان وەرگرتنی حوکم و یـاسا بێت لەغەیری الله تعالی

پـاشان شێخ فەرمووی بەجۆرێ ئەم تەوحیدە لە قورئانی پیرۆز و سوننەت باس کراوە تەنانەت نەخوێندەوارەکانیش لێی بەئاگان
یانی برواناکەم پیرە مێرد و گەنجێک و منداڵێک نەبێت گوێی لەم ئایەتە پیرۆزە نەبووبێت
{قُلْ يَاأَيُّهَا الْكَافِرُونَ ۞ لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۞ وَلَا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ ۞ وَلَا أَنَا عَابِدٌ مَا عَبَدْتُمْ ۞ وَلَا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ ۞ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ }[الكافرون 1-6]

کە ئەو سورەتە هەموو تەوحیدی تێداکۆبۆتەوە
لەنەفیکردنی پەرستنی خوا باتڵەکانی کافران و لەخۆبەریکردن لەکافران و لەدینەکەیان و یەکلاکردنەوەی پەرستن بۆ الله تعالی و بەردەوام بوون لەسەر دینی الله تعالی و خۆبەریکردن لەدینی کافران

وە هەموو قورئان پڕە لەجێگیرکردنی تەوحیدی الله تعالی
جا تەوحیدی ڕبوبیـەت (کە الله تعالی خالق و بەڕێوبەری هەموو جیهانە)
یان تەوحیدی پەرستن (کەبریتیە لەئەنجامدانی هەموو پەرستەکان بۆ الله تعالی)
یان تەوحیدی ناو وسیفاتەکان الله تعالی(کە لەقورئانی پیرۆز و سوونەت بەڕوونترین شێوە هەموو ناو و سیفاتەکانی الله تعالی باسکراوە)

پاشان شێخ فەرمووی سەرەڕای ئەم هەموو ڕوونیـە زۆربەی ئومەت ئەوەی بەسەردا هات لەجەهل و لەشیرک کەشەیطان وای پیشان ئومەت دا کە ئەگەر تەنها الله تعالی بپەرستن بەتاک و تەنها ئەوا حەقی پیاوچاکانیان نەداوە
چونکە شەیطان وای فێرکردبوون کە تەوحید ئەوەیە هاواربکەیتە پیاوچاکان و ئاژەڵ بۆ پیاوچاکان سەرببڕیت و تەواف بەدەوری گۆڕەکانیاندا بکەیت

ئەمەش ڕێـک هاتنەدی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە صلى الله تعالى عليه وسلم

(لا تقومُ الساعةَ حتى تلحق قبائلُ من أمّتي بالمشركينَ ، وحتى يُعْبَدَوا الأوْثانُ ، وإنه سيكونُ في أمّتي ثلاثونَ كذابونَ كلّهم يزعم : أنه نبي ، وأنا خاتَمُ النبيين ، لا نبِيّ بعدي)
سنن الترمذي 2219

واتا: قیامەت هەڵناسێت تاکو کـۆمەڵێ لەئومەتەکەم دەبنەوە بە موشریک و تاکو دەست دەکەن بەبت پەرستی وە لەناو ئومەتەکەم ـدا سی درۆزن پەیدا دەبن هەموویان لافی پێغەمبەرایتی لێ دەدەن بەڵام من کۆتا پێغەمبەرم و پێغەمبەر نیە لەپاش من.

لەڕیوایەتی أبي دَاوُدَ: هاتوە دەفەرموویێت : ((وَحتَّى تَعْبُدَ قَبَائِلُ مِنْ أُمَّتِي الأَوْثَانَ)).
تاکــو کۆمەڵێ لەئومەتەکەم بت دەپەرستن .

ئیمام ـی البخاري (7116) ومسلم (2906) ڕیوایەتیان کردووە لە أَبي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ کە رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی : (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَضْطَرِبَ أَلَيَاتُ نِسَاءِ دَوْسٍ عَلَى ذِي الْخَلَصَةِ)

واتا: قیامەت هەڵناسێت تاکـو ئافرەتانی دەوس بەهۆی طەوافکردنیان بەدەوری بتی ذی خلصە پاشیان لەیەکتری دەدات .

ئیمام النووی رحمه الله تعالى ـدەفەرموویێت : ((يكفرون ويرجعون إلى عبادة الأصنام ")) .
کافر دەبـنـەوە دەگەڕێنەوە بۆ بت پەرستی "شرح صحيح مسلم " (18 / 33) .

ئیمام مسلم (2907) ڕیوایەتی کردووە لەدایکە عائیشەوە رضي الله تعالى عنها فەرموویەتی بیستم لە رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو : (لَا يَذْهَبُ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ حَتَّى تُعْبَدَ اللَّاتُ وَالْعُزَّى).

واتا: ئەو و ڕۆژ تێناپەڕێت تاکــو دووبارە لات و عوزا دەپەرسترێن .

کەواتــا شەیطان کاری خۆی بەرامبەر بەدەستەیەک لە ئومەت کرد
تەوحیدی واپێناسەکرد بۆ خەڵکی کەبریتیە لەوەی هاوار بکەیتە پیاوچاکان وە ئەم کارەشی واپیشان دان کە ڕێزگرتنە لەپیاوچاکان وە وای تێگەیاندن ئەگەر هاوار نەکەنە پیاوچاکان ئەوا ڕێزیان لەپیاووچاکان نەگرتووە

ألأصْلُ الثَّاني

دووەم بنچینە

بنچینەی دووەم

(أمر الله بالاجتماع في الدين ونهى عن التفرق فيه. فبين الله هذا بياناً شافياً تفهمه العوام. ونهانا أن نكون كالذين تفرقوا واختلفوا قبلنا فهلكوا. وذكر أنه أمر المسلمين بالاجتماع في الدين ونهاهم عن التفرق فيه، ويزيده وضوحاً ما وردت به السنة من العجب العجاب في ذلك، ثم صار الأمر إلى أن الافتراق في أصول الدين وفروعه من العلم والفقه في الدين، وصار الأمر بالاجتماع في الدين لا يقوله إلا زنديق أو مجنون).

الله تعالى فەرمانی کردووە بەکۆبونەوە لەسەر دین و نەهی لێکردووین لەوەی تەفرەقە لەدین ـدا دروست بکەین الله تعالى بەشێوازێ ئەمەی ڕوونکردۆتەوە خەڵکی ئاسای و عەوامیش لێی تێ ئەگـات وە الله تعالى نەهی لێکردووین کە وەک گەلانی پێشووتر نەبین کە لەنێوان خۆیان ڕاجیاوازبوون و بەوهۆیەوە لەناوچوون وە الله تعالى باسیکردووە فەرمانی بەموسڵمانان کردووە کەلەسەر دین کۆببنەوە و نەهی لێکردوون لەتەفرەقەکردن لەدین وە لەسوونەتدا ئەمە زیاتر ڕوونکراوەتەوە بەشێوازێ ڕوونکراوەتەوە لەسەر سوڕهێنەرترینی سەرسوڕهێنەرەکانە لەمەدا پاشـان وای لێهات کە تەفرەقە و جیاکاری لەبنچینەکانی دین و لقەکـانی لە زانست و تێگەشتن لەدین کرا تاوای لێهات خەڵک پێی وابوو ئەوکەسەی بانگەشە ئەکات بۆ کۆبوونەوە لەسەر دیـن بە شێت و زندیق تۆمەتبار بکرێت)

دوای ئەوەی شـێخ لەبنچینەی یەکەمدا باسـی تەوحـید و شیرکـی کرد ڕێـک بەدوای ئەو خاڵە باسی یەکڕیزبوونی موسڵمانان ئەکـات و کۆبوونەوەیان لەسەر دینی الله تعالى وەکو خۆی بێ ئەوەی شتێک لەدینی الله تعالى زیاد بکەن یان شتێک لەدینی الله تعالى کەم بکـەن

چونکـە خەڵکـ لەم دووخاڵە تێکەوتوون
یەکەم- لەتەوحـید لەگەڵ دابەشبوونیان بۆ چەند کۆمەڵێک و جیابوونەوەیان لەدینە حەقەکەی الله تعالى و داهێنانی بیدعە و خوڕافیات

دووەم - یەکـڕیزی موسڵمـانان لەسەر دینی حەق و کۆبوونەوەیان هاوشانی تەوحیـدە و تەفرەقە بوونی موسڵمانان و دابەش بونیان بۆ چەند ڕێچکە و مەزهەبێک هۆکاری دژایەتی و دووبەرەکیە لەنێوان موسڵمانان
بەجۆرێک ئەم لێک دابڕانە هێندە مەترسیدارە پێغەمبەر صلی الله تعالى علیه وسلم لەگەڵ شیرکـ باسیکردووە
ئەفەرمووێت
"تعرض أعمال الناس في كل جمعة مرتين يوم الإثنين ويوم الخميس فيغفر لكل مؤمن إلا عبدا بينه بين أخيه شحناء فيقال اتركوا هذين حتى يفيئا) رواه مسلم

واتا: هەموو هەفتەیەک دووجار کرداری بەندەکان پیشانی الله تعالى ئەدیت و ڕۆژی دووشەمە و ڕۆژی پێنج شەمان کرداری بەندەکان بەرزئەکرێتەوە بۆ لای الله تعالى لەهەموو باوەڕداریَ خۆش ئەبێت تەنها بەندەیەک نەبێت کە لەگەڵ برایەکیدا دوژمنایەتیان هەیە
الله تعالى ئەفەرمووێت ئەم دووانە دووابخەن تا پێک دێنەوە و ئاشت دەبنەوە

وە پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم ئەفەرمووێت : (إن الله تعالى ليطلع في ليلة النصف من شعبان فيغفر لجميع خلقه إلا لمشرك أو مشاحن)

واتا: الله تعالى لەشەوی پانزەی شەعبان لە هەموو دروستکراوەکانی خۆش ئەبێت تەنها موشـریک و ئەوکەسە نەبیَ کە لەگەڵ برا موسڵمانەکەی پشتیان لە یەکتری کردووە و ناحەزن بەیەکتری .رواه ابن ماجه والطبراني .

کەواتا ئەو ڕێگەیەی شەیطان سەرەتا زەفەر بە بەندەکان ئەبات سەرەتا درووستکردنی تەفرەقە و جیاکردنەوەی موسڵمانانە لە دینە حەقەکە(واتا ئیسلامی موبارەک و عەقیدە حەققەکەی ئیسلامی موبارەک) دواتر ئەو کەسەی کە شوێن پیلانی شەیطان کەوتووە بەجیابونەوەی
لە دینە حەقەکە و داهێنانی بیروبۆچوونی بیدعە ئەوا هێواش هێواش بەرەو گومڕای زیاتر و بەڵکو بەرەو شیرکـ و کوفریشی ئەبات .

کۆبـوونەوە لەسەر دین ئەوە نیـە تۆی موەحیدی ئەهلی سوونەت تەنازول بۆ ئەهلی بیدەع و گومڕایی بکەیت بەبیانوی یەکڕیزیەوە
چونکـە کۆبونەوە لەسەر دین ئەوەیە کە تۆ لەسەر دینە حەقەکەی الله تعالى کۆبیتەوە ئەوەی لەو دینە لایدا ئەو کەسە تەفرەقەی کردووە و سەرزەنشتی ئەو کەسـە ئەکرێت کە لەدینە حەقەکە لائەدات نەکـ سەرزەنشتی تۆبکرێت کە لەسەر دینە حەقەکەی
الله تعالى ئەفەرمووێت :{إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ } (آل عمران :19)
واتا: ئاینی ڕاست و ڕەوان لەلای الله تعالى تەنها ئیسـلامە.
کەواتا کاتیَ دەستگـرتووی بەئیسلام وە بەئیسلام فەرمان بە خەڵک ئەکەیت و نەهی لەخەڵکـ ئەکەیت ئەوەی لێت دوورئەکەوێتەوە تۆ تاوانت لەسەر نیە بەڵکـو تاوان لەسەر ئەو کەسـەیە کە وەڵامی بانگخوازە ئیسلامیـەکەی تۆ ناداتەوە ئەوەی وەڵام ناداتەوە ئەو کەسـە دینی دابەش کردووە و ئەوکەسـە دووبەرەکی دروستکردووە چونـکە
الله تعالى فەرمان ئەکـات بەهەموو موسڵمانان کەتـێکـڕا بچنە ناو هەموو ئیسـلامەوە و هەموو ئیســلام پەیڕەوبــکەن.

قال الله تعالى {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ ادْخُلُواْ فِي السِّلْمِ كَآفَّةً } [البقره : 208]

وە الله تعالى ڕێگری کردووە لەوەی موسڵمانان لەو دینەی الله تعالى لابەن
بۆ بیر و بۆچونەکانی خۆیان و هەوا و ئارەزوەکانیان چونکە هەرکات لەدین لابەن ئەوا تووشی دووبەرەکی ئەبن وەک گەلانی پێش ئوومەتی ئیسلام کەبەهۆی دووبەرەکیانەوە لەناووچوون
وەک شێخ فەرموویەتی (واختلفوا قبلنا فهلكوا) گەلانی پێش ئێمە لەناو خۆیاندا ناکۆک وناتەبا بوون بەو هۆیەشەوە لە ناوچوون و تیاچوون

وە الله تعالى بەهۆی ئەو ڕاجیاوازی و ناکۆکیەوە ئیمانداران تاقی ئەکاتەوە تادەریبخات کەکێ بەراستی هەوڵ بۆگەیشتن بە حەق ئەدات وە کێش دڵی ئارەزووی بۆ باتڵ و گومڕایی هەیە

قال تعالى {وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ } [هود:118]
واتا: ئەگەر پەروەردگارت ویستبای هەموو خەڵکی دنیای ئەکرد بەیەک ئوومەت و یەک کۆمەڵ و هەموو دیندار و موسڵمان دەبوون بەڵام لەبەر هەر حیکمەتی خۆی ئەوکارەی بەوشێوە نەکرد بەڵام بە درێژایی ڕۆژگار، هەر ناتەبا و ناکۆک و لێک ترازاو دەبن و لەسەر یەک بەرنامە و ئایین کۆ نابنەوە

کەوابوو کاتێ ئەبینیت خەڵک ناکۆکن لەسەر حەق ئەمە حیکمەتی الله تعالى یە تا دڵ ساغەکان و دڵ نەخۆشەکان دەربخات تا ئارەزوومەندانی حەق و ئازەزوومەندانی باتڵ لێک جیابکاتەوە
هەربۆیە الله تعالى فەرمانیکردووە دەستگرتوو و کۆمەڵ و یەکگرتووبین لەسەر ئیسلام شوێن گروپ و کۆمەڵەکان نەکەوین کەلەئیسلامە حەقەکە لادەدەن لەدوای ئەوەی الله تعالى دینێکی ئاشکرا و ڕوونی بۆ ناردووین وە گەلانی پێشووتریش دوای ئەوەی زانستیان پێدرا بوون بەچەند کۆمەڵ و دەستەیەکەوە

وەک الله تعالى ئەفەرموویێت
{وَمَا ٱخۡتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ} [سورة آل عمران : ١٩]

ئەوانەش کە کتێب و نامەیان پێدرا واتە: جوولەکە و گاور کە لەناوخۆیاندا پێک نەهاتن و لەحەق لایاندا...

هەر پاش ئەوەبوو کە بەڵگە و زانیاریی تەواویان بۆ هات
ئەویش هەر لەبەر عینادیی و حەسوودییەک بوو لەناویاندا هەبوو،
دەسا دڵنیابن هەرکەسێک باوەری بەئایەت و نیشانەکانی الله تعالی نەبێت، با چاک بزانن کە الله تعالی خێرایە لە لێپرسینەوەیاندا

وە ناکۆکی بوون و خۆلادان لە کۆکبوون لەسەر دینی الله تعالی و لادان لە ڕێبازی پێغەمبەر صلی الله تعالی علیه وسلم و هاوەڵان رضوان الله تعالی علیهم، گومڕایەکی تەواوە

قال الله تعالی
{فَإِنۡ ءَامَنُواْ بِمِثۡلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا هُمۡ فِي شِقَاقٖۖ فَسَيَكۡفِيكَهُمُ ٱللَّهُۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ} (البقرة : 137)

واتا : ئەگەر خەڵکانی تر، وەکو ئێوە باوەریان هێنا، مانای وایە کە بەڕاست و ڕەوان کەوتونەتە سەر ڕێی ڕاست و ڕێنمابوون
خۆ ئەگەر بەو شێوەی ئێوە باوەڕتان هێناوە بەوشێوە باوەڕیان نەهێنا
، ئەوا دیارە کە لە حەق و ڕاستیی لایانداوە و لە دژایەتیدان
ئەوکاتە تۆش ئەی موحەممەد-صلی الله تعالی علیه وسلم ! هەر الله تعالی بەسە و دەتپارێزێ و زاڵت دەکات بە سەریاندا و زۆریش بیسەر و زانایە.

وە دووبەرەکی بوون و کۆنەبوونەوە لەسەر دینی الله تعالی هۆکارە بۆ مشتومڕکردن ودژایەتیکردنی یەکتری هەر بۆیە أبي أمامة رضي الله عنه ـدەفەرموویێت
رسول الله صلی الله علیه وسلم: فەرمووی

((ما ضلَّ قوم بعد هدى كانوا عليه إلا أُوتوا الجدل. ثم قرأ رسول الله صلى الله تعالی عليه وسلم هذه الآية: ((مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلاَّ جَدَلاً بَلْ هُمْ قَوْمُ خَصِمُون)) [الزخرف: 58]

واتا: هیچ گەلێ نیە لە پاش ئەو هیدایەتەی کە لەسەری بوون دواتر گومڕابن ئیلا موناقشەکردنیان پێدراوە پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە

{مَا ضَرَبُوهُ لَكَ إِلَّا جَدَلَاۢ بَلۡ هُمۡ قَوۡمٌ خَصِمُونَ} [الزُّخْرُف:58]
واتا: ئەو نموونەیان هەر بۆ دەمەدەمێ هێناوە بەڵکو ئەوان هۆزێکن هەر دەمبازی دەکەن .
رواه الترمذی 3253

بەڵام هەڵگرانی حەق کە ناسراون بە ئەهلی سوونەت و جەماعەت هەمووکـاتێ لەسەر دینی الله تعالی کۆکـ و تەبان ملکەچ ناکەن بۆ ئەهلی باطل لەگروپ و فیرقە لادەرەکان هاوشێوەی خەواریج و مورجیئە و موعتەزیلە و جەهمی و ڕافیزەکان، بەڵـکو

أهل السنة و الجماعة ناونراون بەم ناوە بەهۆی شوێنکەوتنیان بۆ پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم وە کۆڕابوونیان لەسەر شوێنکەوتنی قورئانی پیرۆز و سوونەت لە بیروباوەڕ و وتە و کردار وە بۆیە پێیان ئەوترێ (الجماعة) چونکە لەسەر حەق کۆبونەتەوە وە دینی الله تعالى یان پارچە پارچە نەکردووە و دینی الله تعالى ناگۆڕن و زیادی ناخەنە سەر و لێی کەم ناکەن لەسەر ئەو دینەی الله تعالى بۆ پێغەمبەری ناردووە صلى الله تعالى عليه وسلم کۆبونەتەوە

الشيخ الإسلام ابن تيمية ئەفەرموویێت

مذهب أهل السنة هو ما كان عليه الرسول - صلى الله عليه وسلم - وصحابته

منهاج السنة: (2/ 482).

مەزهەبی ئەهلی سونەت هەمان ئەو ڕێبازەیە کەپێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم و هاوەڵانی لەسەری بوون.

وە الله تعالى فەرمانیکردووە بە موسـڵمانان کە لەسەر دین کۆببنەوە و شەرعی الله تعالى جێ بەجـێ بکەن.

قال الله تعالى

{شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ} (الشورى :13)

واتا: هەر ئەو دین و ئایینەی بە (نووح و ئیبراهیم و مووساو عیسا) وەسێتمان پێکـردبوون کردمان دین و ئایین بۆ ئێوەش (ئەی ئوممەتی ئیسلام)

واتە: پێغەمبەران هەموو یەک ئامانج و یەک مەبەستیان بووە، یەک دین و یەک بیروباوەڕیان بووە

وە بەهەموویانمان وتووە

کە دینی الله تعالى پەیڕەوبکـەن و پەرتەوازە و کۆمەڵ کۆمەڵ مەبن تێیدا.

پێغەمبەر صلی الله تعالی علیه وسلم فەرموویەتی

(أنا آمركم بخمس الله أمرني بهن بالجماعة وبالسمع والطاعة والهجرة والجهاد في سبيل الله فإنه من خرج من الجماعة قيد شبر فقد خلع ربقة الإسلام من عنقه إلى أن يرجع)

واتا: فەرمانتان پێدەکەم بە پێنج شــت کە الله تعالی فەرمانی پێـکردووم ـ بەکۆمــەڵ بــوون (لەسەر دینی الله تعالی) وە سمع و طــاعە(بۆئەمیری موسڵمـانان)(سمع و طاعە واتا گوێگرتن و پەیرەو کردن) و هیــجرەت و جــیهاد لەپێناو الله تعالی وە هەرکەسێ لە کۆمــەڵی موسڵمانان جیابێتەوە بەئەندازەی بستێ ئەوا ئیسلام لەگەردنی دەرچووە ئیلا مەگەر بگەڕێتەوە.

مســـندی ئیمام احمد ژمارە 17344

وەک بەچاوی خۆمـان شاهێد حاڵین و ئەبینین کە دەولـەی ئیسـلامـی اعزها الله تعالی بەدانانی خەلیفە و تێکۆشـانی بەردەوام و فیداکردنی هەزاران گیان لەپێناو ئەوەی دین پەیرەو بکرێت و هیجرەت کردنی موسڵمانان و موەحیدان بۆی لە هەموو لایەک و کۆبوونەوە لەژێر یـەک ئاڵا و فەرمانی یەک خەلیفەدا بکرێت بەمەبەستی پەیڕەوکردنی ئیسـلام.

ألأَصْلُ اَلْثَّالِثُ

سێیەم بنچینە

بنچینەی سێیەم

ئیمام محمدی کوڕی عبدالوهاب رحمه الله تعالی ئەفەرمووێت

(الأصل الثالث: أن من تمام الاجتماع السمع والطاعة لمن تأمر علينا ولو كان عبداً حبشياً. فبين الله له هذا بياناً شائعاً كافياً بوجوه من أنواع البيان شرعاً وقدراً، ثم صار هذا الأصل لا يعرف عند أكثر من يدعي العلم فكيف العمل به)

بنچینەی سێهەم لەکامڵ بوونی کۆمەڵ بوون لەسەر دین بریتیە لە بیستن و گوێڕایەڵی بۆ ئەو کەسەی بڕیار دەرە بەسەرمانەوە ئەگەر چی ئەو کەسە بەندەیەکی حەبەشیش بێت الله تعالی ئەمەی ڕوونکردۆتەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان و تەواو بەجۆرێ لە جۆرەکانی ڕوونکردنەوە شەرعی و قەدەری پاشان وای لێهات ئەم بنچینەیە لەلای زۆرێک لەوانەی خۆیان ئەیەنە پاڵ زانست شتێکی نەزانراوە چ بگات بەوەی کاری پێ بکەن

بنچینەی دووەم کەباسی کۆبونەوەی کرد لەسەر دین
وە لەکامڵبوونی کۆبوونەوە لەسەر دین بریتیە لەوپەیوەست بوون بەئەمیری موسڵمانان و گوێڕایەڵیکردنی تا ئەوکاتەی کوفرێکی لێ ئەبینرێت هەرکات کوفری لێ دەرکەوت ئەوکات سمع وطاعەی بۆ ناکرێت بەڵکو گەر توانا هەبێت واجبە لێی دەربچیت و بیگۆڕیت

وە گرنگی گوێڕایەڵی ئەمیری موسڵمانان گرێدراوە بەڕازی بونی الله تعالی ـوە

وەک پێغەمبەر صلی الله تعالی علیه وسلم ئەفەرمووێت
(إن الله يرضي لكم ثلاثاً : أن تعبدوه ولا تشركوا به شيئاً، وأن تعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفرقوا وأن تناصحوا من ولاه الله أمركم) رواه مسلم

الله تعالی بە سێ شت لێتان ڕازی ئەبێت
یەکەم- بیپەرستن و هاوبەشی بۆ دانەنێن
دووەم- دەستگرتووبن بەدینی الله تعالی ـوە هەر هەمووتان و پارچەپارچە مەبن
سێیەم- ئامۆژگاری فەرمانڕاوەکانتان بکەن.

سەرنج بدەن سێ شت لەم فەرمووده باسکرا تەوحید کە لە بنچینەی یەکەم شێخ محمد باسیکرد
دووەم کۆمەڵبوون لەسەر دین لە بنچینەی دووەم شێخ باسی کردووە
سێهەم پەیوەست بوون بە ئەمیری موسڵمانان کە لەم بنچینیەدا شێخ باسی کردووە

پێغەمبەر صلی الله تعالی علیه وسلم : (علیك السمع والطاعة، في عسرك ویسرك، ومنشطك ومكرهك، وأثره علیك)[رواه مسلم]

واتا: لەسەرت پێویستە بیستن و گوێڕایەڵی بۆ فەرمان ڕەوای موسڵمان بکەیت لەهەژاری و لەدەوڵەمەندیت لەوەی ئاسانە لەسەرت و لەوەی گرانە لەسەرت ئەگەرچی مافیشت نەدا و مافی شایستەی خۆشت پێ نەدات

(إلَّا أنْ تَرَوا كُفْرًا بَواحًا عندكم مِن اللهِ فيه بُرهانٌ".) البخاري ومسلم
واتا: تەنهـا مەگەر کوفرێکی ئاشـکراتان لێ ببینی لەلای الله تعالی بەڵگەتان هەبێت لەسەر کوفرەکەی

وە ئەفەرموویت صلی الله تعالی علیه وسلم
(من أطاعني فقد أطاع الله ومن يعصني فقد عصى الله ومن يطع الأمير فقد أطاعني ومن يعص الأمير فقد عصاني)(شرح النووي على مسلم)

واتا: ئەوکەسەی گوێڕایەڵم کـات ئەوا گوێڕایەڵی الله تعالی ـی کردووە ئەوەشی سەرپێچیم بـکات سەرپێچی الله تعالی ـی کردووە وە ئەوەی گوێڕایەڵی ئەمیر بـکات ئەوا گوێڕایەڵی من بووە ئەوەشی سەرپێچی لە ئەمیر بـکات ئەوا سەرپێچی منی کـردووە.

السمع والطاعه : السمع واتا ببیستیت گوێ لەو فەرمانانە بگریت کە ئەمیر فەرمانت پێ ئەکـا ئەوەی توانای بیستنی نەبێت ئەوا بە ئاماژە فەرمانەکەی پێ ئەگەیەنرێت

الطاعه : ئەوەیـە کەئەو فەرمانەی بیستت جێ بەجێی بـکەیت و فەرمانبەرداری بیت

وە گوێڕایەڵی ئەمیری موسڵمانان تەنهـا لەکاری حەڵاڵ و چاکەدا ئەکرێت ئەگینا گوێڕایەڵی بۆ هیچ کەسـێ ناکرێت کاتێ فەرمانێک بکات پێچەوانەی فەرمانی الله تعالی و ڕسولەکەی صلی الله تعالی علیه وسلم بێت

صلی الله علیه وسلم
وەکـ فەرموویەتی (لا طاعةَ لمخلوقٍ في معصيةِ الخالقِ).
واتا: گوێڕایـەڵی درووستکراو ناکرێت لەسەرپێچی کردنی دروسـتکار((شرح السنة))البغوی (2455)

پێم خۆشە باسـی بەیعەت ـدان و چۆنیەتیەکانی لێرەدا دووبارە بـکەمەوە بۆ بەرچاو ڕوونی هەموو ئەوانەی کەپێیان نەگەیشتووە

بـەیعەت ـدان بەئیمام وخەلیفەی موسڵمانان

①بەیعەت چیە ؟

کردەوەیەکی چاکـە و واجبێکی ئیسلامە و نزیکبوونەوەیە لە الله تعالى پێویستە مەرجی دڵ و زمان و کردار لەو بەیعەتەدا هەبێت

أ/مەرجی دڵ ئەوەیە باوەڕی وابێ ئەو ئەمیری ئەوە واجبە گوێڕایەڵی بێت لەچاکەدا

ب/مەرجی زمان ئەوەیە بەزمان بڵێ سمع وطاعەت دەکەم ... هتد (دواتر باسی دەکەین بەدرێژی ان شاء الله وتعالى)

ج/مەرجی کردار بریتیە لەکردەوە کردن بەداخوازیەکانی بەیعەت

② وەفابوون بۆ ئەو بەیعەتە : قال اللَّه تعالى { يا أيها الذين آمنوا أطيعوا اللَّه، وأطيعوا الرسول، وأولي الأمر منكم } النساء 59

ئەی ئـــەوانەی باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی الله تعالى بکەن و گوێڕایــەڵی پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وســلم بکەن وە هەروەها فەرمان ڕەواکانتان .

رسول الله صَلَّى اللَّهُ تعالى عَلَيهِ وَسَلَّم ـدەفەرموویێت (على المرء المسلم السمع والطاعة فيما أحب وكره، إلا أن يؤمر بمعصية، فإذا أمر بمعصية فلا سمع ولا طاعة)

پێویستە لەسەر موسڵمان سمع و طــاعەی ئەمیرەکەی بکات لەوەی پێی خۆشە و لەوەشی پێی ناخۆشە ئیلا مەگەر ئەمیرەکەی فەرمانی مەعصیەتی پی بکات لەو کاتەدا سمع و طـاعەی ناکات . مُتَّفَقٌ عَلَيهِ.

③ترسناکی هەڵوەشاندنەوەی بەیعەت : پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم فەرمـوویەتی (لكل غادر لواء يوم القيامة يرفع له بقدر غدرته ، ألا و لا غادرَ أعظم غدرا من أمير عامة)

واتا: بۆهەموو ناپاکـێ ئاڵایەک هەیە لەڕۆژی قیامەتدا بۆی هەڵدەکرێ بە ئەندازەی ناپاکیەکەی بەڵام هیچ ناپاکــێ لەو ناپاکە گەورەتر نیە کە ناپاکی لە ئەمیری گشتی موسڵمانان بکات.

رواه مسلم

الحافظ ابن حجر رحمه الله تعالى : ـدەفەرموێت

] وفي هذا الحديث وجوب طاعة الإمام الذي انعقدت له البيعة والمنع من الخروج عليه ، ولو جار في حكمه ، وأنه لا ينخلع بالفسق [

لەم فەرموودەیەدا بەڵگەی واجب بوونی گوێڕایەڵی پێشەوای موسڵمانانی تێدایە کە بەیعەتی پێدراوە وە ڕێگری لە خڕوج کردن لەسەری ئەگەر ستەمیش بکات لە حوکمڕانیەکدا وە بە فسق خڕوج ی لێناکرێ و لانابرێت . فتح الباري 13/71 – 72 .

④بەرهەمی بەیعەت : بریتیە لە پێچەوانەکردنی موشریکان

رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم دەفەرمووێ (ليس أحدٌ يفارق الجماعة شبرا فيموت إلا مات ميتة جاهلية)
هیچ کەسێ نیە لە کۆمەڵی موسڵمانان جیاببێتەوە بە ئەندازەی بستێ و بمرێت ئیلا بەمردنێکی جاهیلی مردووە . متفق عليه

ئیمام ی حسن البصري رحمه الله تعالى لە بارەی خەلیفە و ئەمیری موسڵمانانەوە دەفەرمووێت
[هم يَلُون من أمورنا خمساً : الجمعة، والجماعة، والعيد، والثغور، والحدود.
والله لا يستقيم الدين إلا بهم، وإن جاروا وظلموا ؛ والله لما يصلح الله بهم أكثر مما يفسدون، مع أن طاعتهم – والله – لغبطة وأن فرقتهم لكفر]

واتا: خەلیفە و ئەمیرەکانمان پێنج کاری ئێمە بەڕێوە دەبەن ئەوانەش بریتین لە[هەینی و جەماعەت و جەژن و جیهاد و جێ بەجێکردنی حدودە شەرعیەکان] والله ی دین جێگیر نابێت ئیلا بەو خەلیفە و ئەمیرانە نەبێت وە ئەوەی الله تعالى بەهۆی ئەوانەوە چاکی دەکات زیاترە لەخراپەکانیان وە گوێڕایەڵیان تامەزرۆییە وە جیابوونەوە لێیان کوفرە .
(آداب الحسن لابن الجوزي وجامع العلوم لابن رجب)

⑤پەلەکردنی سەلەف لەبەیعەت دان: کاتێ پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم کۆچی دوای کرد لەپاش ناشتنی پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم یەکەم کاری هاوەڵان دانانی خەلیفە و بەیعەتدان بوو بەخەلیفە

ابن حجر العسقلاني رحمه الله تعالى : دەفەرمووێت
[وأجمعوا على انه يجب نصب خليفة]
کۆدەنگ بون لەسەر ئەوەی کەوا پێویستە خەلیفە دابنرێت.
(فتح الباري م 13 ص 208)

ئیمام ـی القرطبي رحمه الله تعالى لەتەفسیری ئەم ئایەتە
[وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَـٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً] ـدەفەرمووێ
کاتێ ئیمامی ئەبو بـکری صدیق نزیکـی مردن بویەوە ئیمامی عمری ڕاسـپارد بۆ بوون بەخەلیفە هیچ یەکێ نەیگوت ئەمە شتێکی واجـب نیە لەسەر ئێمە و لەسەرتۆ ئەمەش بەڵگەی ئەوەی تێدایـە لەسەر واجب بونی دانانی خەلیفە وە ئەمە ڕوکنێکە پایەکـانی دیـن

(ثم إن الصديق رضي الله عنه لما حضرته الوفاة عهد إلى عمر في الإمامة، ولم يقل له أحد هذا أمر غير واجب علينا ولا عليك، فدل على وجوبها ، وأنها ركن من أركان الدين)

خەلیفە بەم ڕێگایانە دەبێتە خەلیفەی شەرعی
①پێغەمبەری خوا صلى الله تعالى عليه وسلم ئاماژەی کرد کە لەپاش خۆی ئەبو بکر رضي الله تعالى عنه ببێتە خەلیفە وە ئیمامی ابو بکر ئاماژەی کرد ئیمامی عمر رضي الله تعالى عنه ببێت بە خەلیفە بۆیە هەر خەلیفەیەک کەسێ ڕاسپێرێت لەپاش خۆی ببێتە خەلیفە ئەوا خەلیفەی شەرعیە

②ڕێگای دووەم خەلیفە ئەهلی حل و عقد ڕاسپێرێت بەوەی خۆیان خەلیفەیەک هەڵبژێرێن وەک چۆن ئیمامی عمر رضي الله تعالى عنه شەش کەسی لە ئەهلی حل و عقد ڕاسپارد بەوەی خەلیفەیەک هەڵبژێرن بۆ موسڵمانان

③ڕێگای سێهەم کاتێ موسڵمانان پارچە پارچە بوون ئەو کاتە موسڵمانێ بە زەبری هێز خۆی دەکات بەخەلیفە و حوکمی الله تعالى دەسەپێنێت

ئیمام ـی الشافعي : رحمه الله تعالى ـدەفەرموویێت
[كل من غلب على الخلافة بالسيف حتى يسمي خليفة، ويجمع الناس عليه، فهو خليفة]
واتا: هەرکەسێ بەهێز زاڵ بێت بەسەر خیلافەتدا بە شمشێر تاوای لێ بێت ناو بنێرێت بەخەلیفە وخەڵکی لەسەری کۆببنەوە ئەوا خەلیـفـەیە .
طالع مناقب الشافعي للبيهقي

وە لەمێژووی ئیسلام ـدا دەسەڵاتی ئیسلامی بەشێوەی هێز دروست بوو لەڕێگەی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب و ئیمام محمد بن سعود

شـێوازی بەیعەت ـدان

①دەست دانان لەناو دەستی ئەمیر و بەیعەت پێدانی

عبادة بن الصامت رضي الله عنه : ـدەفەرمووێت
رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم بانگی کردین و بەیعەتمان پێدا ئەو بەیعەتەشی کەلیمانی وەرگرت ئەمە بوو[بايعنا على السمع والطاعة في منشطنا ومكرهنا , وعسرنا ويسرنا ، وأثرةٍ علينا ، وألا ننازع الأمر أهله]
واتا: بەیعەت دەدەین لەسەر بیستن و گوێڕایەڵــی لەوەی حەز ئەکەین و لەوەشی حەزناکەین لەوەی قورس و گرانە و لەوەشی کە ئاسانە وە ئەگەر چی ناحەقیش بکەن وە ململانێ نەکەین لەگەڵیان.
رواه مسلم

②بەیعەت ـدان لەدوورەوە

أ/ کاتێ خەڵکی بەیعەتیان بە عبــدالملك ـدا عبدالله ـی کوڕی عومەر نامەیەکی بۆی نووسی فەرمووی
[بـۆ عبد الله عبد الملك أمير المؤمنين، من دان دەنێم بەسمع و الطاعة کردن بۆ عبد الله عبد الملك أمير المؤمنين لەسەر سوونەتی الله تعالى و سونەتی رسولەکەی صلى الله تعالى عليه وسلم بەئەندازەی توانای خۆم وە کوڕەکەشم دان دەنێت بەبەیعەت پێدانت]

③جۆرێکی ترلەبەیعەت دان ئەوەیە لەدڵەوە لەلای خۆتەوە بەیعەت بدەی

رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم : فەرموویەتی
[[ومن مات وليس في عنقه بيعة مات ميتة جاهلية]]
واتا: هەرکەسێ بـمرێت و بەیعەت لە گەردنی نەبێت بمرێت بەمردنێکی جاهلی مردووە
رواه مسلم

الإمام الحسن بن على البربهاري رحمه الله تعالى دەفەرمووێ لەسوونەکەیدا (سوونەی بەربەهاری)

[من وَلِيَ الخلافةَ بإجماع الناس عليه ورضاهم به، فهو أمير المؤمنين، لا يحل لأحد أن يبيت ليلة ولا يرى أن ليس عليه إمام براً كان أو فاجراً]
واتا: هەرکەس خیلافەتی گرتە دەست بەکۆبوونەوەی خەڵکی و ڕازی بوونیان پێی ئەوا ئەمیری باوەڕدارانە بۆ کەس ڕەوانــیە شەوێک بخەوێت و پێی وابێت هیچ ئیمامێکی نیە جا چاکەکار بێت یان خراپەکار.

خەلیفە یان ئەمیر ئەگەر فەرمان بکات بە هەر کارێکی چاک گوێڕایەڵیکردنی واجب دەبێت ئەگەر چی ئەوکارە سوونەت یان تەنها حەڵاڵیش بێت

المباركفوري لە ((شرح الترمذي)) ـدەفەرمووێت
((وفيه : أن الإمام إذا أمر بمندوب أو مباح وَجَبَ .))
واتا: ئەو فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە ئەگەر ئیمام فەرمان بکات بە کردنی سوونەتێک یان حەڵاڵێک ئەوا واجب دەبێت .

بەڵام گەر کەسێ نەخۆش بێت یان کەم ئەندام بێت لە توانایدا نەبێت ئەو فەرمانە جێ بەجێ بکات ئەوا تاوانبار نابێ
قال الله تعالى
(لا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا)
واتا: (الله تعالى) تەکلیف ناکات لە هیچ کەسێك و ئەرکی لەسەر ناکات مەگەر بە گوێرەی توانای خۆی(البقرە ٢٨٦)

ألأَصْلُ الرَّابِعُ

چوارەم بنچینە

بنچینەی چوارەم

شـێخی ئیمام ئەفەرموویێت

بیان العلم والعلماء والفقه والفقهاء، وبيان من تشبه بهم وليس منهم وقد بين الله تعالى هذا الأصل في أول سورة البقرة من قوله

﴿ يَا بَنِي إِسْرائيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ ﴾ (41) إلى قوله قبل ذكر إبراهيم عليه السلام: (يَا بَنِي إِسْرائيل)(47) ويزيده وضوحاً ما صرحت به السنة في هذا من الكلام الكثير البين الواضح للعامي البليد، ثم صار هذا أغرب الأشياء، وصار العلم والفقه هو البدع والضلالات، وخيار ما عندهم لبس الحق بالباطل وصار العلم الذي فرضه الله تعالى على الخلق ومدحه لا يتفوه به إلا زنديق أو مجنون، وصار من أنكره وعاداه وصنف في التحذير منه والنهي عنه هو الفقيه العالم.

واتا: ڕوونکردنەوەی زانست و زاناکان و فیقهـ و فوقەهایان وە ڕوونکردنەوەی حاڵی ئەو کەسانەی کە لەزانایان و فوقەهایان نین بەڵام خۆیان چواندوە بە زانایان الله تعالى ئەم بنچینەیەی لەسەرەتای سورەتی البقره ڕوونکردۆتەوە کە فەرموویەتی (ئەی کوڕان و نەوەی ئیسرائیل

بیر لەو ناز و نیعمەتانەم بکەنەوە: پێمداون و ڕشتم بەسەرتاندا و وەفاش بەو پەیمانە بکەن، کە گرێتاندا و بەباشی گوێرایەڵی بڕیارەکانم بن و

ئەوا منیش بە پەیمانی ئێوە وەفا دەکەم دەسا دەبێ تەنها لە من بترسن و، پەیڕەوی هەر لە فەرمانی من بکەن .) تا ئایەتی پێش باسکردنی ابراهیم

وە زیاتر ڕوون ئەبێتـەوە لەسوونەتدا لەم بارەیەوە زۆر ڕوونکراوەتەوە بە جۆرێک کە کەسی ئاسایی و ناکارامەش لێی تێ ئەگات پاشـان ئەم بنچینەیە بۆتە نامۆترین شت

وای لێ هاتووە زانست و فیقهـ بۆتە بیدعە و گومڕایی وەباشترین شتێ کە هەیانە بریتیە لەپۆشینی حەق بەباطـل وای لێهاتووە ئەو زانستەی کە الله تعالى فەرزی کردووە و وەسفیکردووە ئەوەی بەو زانستە گوفتار بکات لەلای ئەوخەڵکە بە زندیق و شێت تەماشا ئەکرێت وە وای لێهاتووە ئەوەی دژی ئەو زانستە پاکە کتێب ئەنووسێت و دژی زانستە پاکەکە ئەوەستێتەوە و نکۆڵی لەو زانستە پاکە ئەکات ئەو کەسەیان لێ بۆتە فەقیهـ و زانـا

شێخ لێرەدا باسـی زانست و زانایان ئەکات

چونکە ئومەتی ئیسلام ـی ئەحکـامی شەرعی لەزانایان وەرئەگرن پاش وەفاتی پێغەمبەر صـلی الله تعالى علیە وسـلم

وە کەوابوو چۆن زانست دوو جۆرە زانستی بەسوود و زانستی زیان بەخش

بەهەمان شێوە زاناکانیش دووجۆرن زانایـانی چاکەکار لەگەڵ زانایانی خراپەکار

جا زانا خراپکارەکان لەبەرگێکدا خۆیان پیشانی خەڵک ئەیەن و خۆیان وا چوانـدووە کە لەشێوەدا لە زانا چاکەکارەکـان بچن

بەڵام بەهۆی ئەوەی هەڵگری زانستێکن کە سوودی نیە بۆیان ئەوا لەحەقیقەتدا لەزانا خراپەکانن
بـۆیە زۆر گرنگە موسڵمان بەرچاو ڕوون بێت زانای خراپ و زانای باش لێک جیابکاتەوە

چونکـە ئەو زانستەی الله تعالى فەڕزی کردووە و وەسفی کردووە بریتیە لەناسینی الله تعالى بەناو و سیفاتەکانیەوە وە ناسینی رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم و سوونەتەکانی وە زانینی حوکمە شەرعیەکانی قورئانی پیرۆز و سوونەت ئەمە زانستی پیرۆز و بەسـوودە

وەک ئیمام ــی شافعی ـدەفەرموویێت

كُلُّ العُلومِ سِوى القُرآنِ مَشغَلَةٌ — العِلمُ ما كانَ فيهِ قالَ حَدَّثَنا
إِلّا الحَديثَ وَعِلمَ الفِقهِ في الدينِ — وَما سِوى ذاكَ وَسواسُ الشَياطينِ

واتا: هەموو زانستێ لەغەیری قورئانی پیرۆز خۆسەرقاڵکردنە ئیلا فەرمووده و زانستی فیقهـ لەدین نەبێت وە زانستیش بریتیە لەوەی بە فەرموودە قسە بکەی غەیری ئەوە چرپە و گومانی شەیطانە .

کەواتـە کە زانیت زانست چیە ئینجا بۆت دەرکەوێ گرنگی زانست لەهەناسەدان و نان و ئاو خواردن گرنگترە بۆت چونکە قیامەتت لەسەر ئەو زانستە وەستاوە
وەک ئیمام أحمد رحمه الله تعالى ئەیفەرموو

الناس محتاجون إلى العلم أكثر من حاجتهم إلى الطعام والشراب؛ لأن الطعام والشراب يُحتاج إليه في اليوم مرة أو مرتين، والعلم يُحتاج إليه بعدد الأنفاس.

واتا: خەڵکی پێویستیان بە زانستە زیاتر لەپێویست بوونیان بۆ خواردن و خواردنەوە چونکە خواردن و خواردنەوە لەرۆژێکا جارێـک یان دووجار پێویستت ئەبێت بەڵام زانست پێویستت ئەبێت بەژمارەی هەناسەکانت (واتا تا مردن پێویستت بەزانستە)
(مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين) [شرف العلم وفضله] ابن القيم رحمه الله تعالى

وە زانست بەدەستهێنان شتێکە تامردن مرۆڤی موسڵمان ئەبێت هەوڵی بۆبات و لێی دانەبڕێت چونکە زانستی شەرعی هێندە گەورە و فراوانە تا مردن هەوڵبدات هێشـتا ناگات بەهەموو علم

ئەگەر کـەسێ ئەو علمە پیرۆزەی پێ بەخشرا هەڵگری ئەو علمە بوو وەک هەڵگرتن بەڵام کاری پێنەکرد پێی ناوترێ ئەو کەسە زانایە چونکـە زانا بەکەسێ ئەوترێ لە الله تعالى بترسێ، بەڵام بەو کەسەی زانستی هەڵگرتووە و کاری پێناکات ئەوترێ زانای خراپکار و کەری زانست

چونکە زانا کەسێکە وەک الله تعالى ئەفەرموویێت (إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَاءُ)
واتا: لەناوبەندەکانی الله تعالى زاناکان لە الله تعالى ئەترسن و تەقوای الله تعالى ئەکەن

ابن أبي حاتم و ابن عدي رحمهم الله تعالى لە تەفسیری ئەو ئایەتە لە ابن مسعود رضي الله عنه گێڕاویانەتەوە فەرموویەتی (ليس العلم من كثرة الحديث، ولكن العلم من الخشية.)
واتا: زانست لەزۆری وتەدا نیە بەڵـکو زانست لەترسانە لە الله تعالى

ابن المنذر لە يحيى بن أبي كثير رحمهم الله تعالى گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی(العالم من خشي الله.) واتا: زانا کەسێکە لە الله تعالى بترسێت

ابن أبي حاتم لەڕێگەی سفیان لە أبي حيان التيمي رحمهم الله تعالى گێڕاویەتیەوە لە پیاوێکەوە کەوتوویەتی (كان يقال العلماء ثلاثة. عالم بالله، وعالم بأمر الله، وعالم بالله ليس بعالم بأمر الله، وعالم بأمر الله ليس بعالم بالله. فالعالم بالله وبأمر الله: الذي يخشى الله، ويعلم الحدود والفرائض. والعالم بالله ليس بعالم بأمر الله: الذي يخشى الله ولا يعلم الحدود ولا الفرائض، والعالم بأمر الله ليس بعالم بالله: الذي يعلم الحدود والفرائض، ولا يخشى الله)

وتراوە زاناکان سێ جۆرن
①کەسێ زانایە بە الله تعالى
②کەسێ زانایە بەفەرمانەکانی الله تعالى

ئەو کەسەی وا زانایە بە الله تعالى بەڵام زانا نیە بە فەرمانەکـانی الله تعالى
وە ئەو کەسەشی زانایە بەفەرمانەکانی الله تعالى بەڵام زانا نیە بە الله تعالى
بەڵام جۆری سێهەم
③زانایەکە کە زانایە بە الله تعالى و بە فەرمانەکانی الله تعالى ئەم جۆرەیە کە لە الله تعالى ئەترسێت و زانایە بەسنورەکانی الله تعالى و فەرزەکانی الله تعالى

بەڵام ئە وزانایەی الله تعالى ئەناسێت و زانا نیە بە فەرمانەکانی الله تعالى ئەم جۆرە لە الله تعالى ئەترسێ بەڵام شارەزانیە بەسنوور و فەرزکراوەکانی الله تعالى

ئەو زانایەشی فەرمانەکان الله تعالى ئەزانێت و سنورەکانی الله تعالى و فەرزکراوەکان شارەزایە بەڵام الله تعالى ناناسێت ئەم جۆرەیان لە الله تعالى ناترسێت

بۆیە پێویستە کەسی عالم الله تعالى بناسێت بزانێت الله تعالى چی زاتێکی بەدەسەڵاتە وترسی الله تعالى ـی هەبێت
لەفەتوادان بەبێ علم و بەبێ تەقوا فەتوا نەیات

البراء رحمه الله تعالى ـدەفەرمووێت
(لقد رأيت ثلاثمئة من أصحاب بدر ما فيهم من أحد إلا وهو يحب أن يكفيه صاحبه الفتيا)

واتا: سێ سەد هاوەڵی پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلمم بینی لەو هاوەڵانەی کەبەشداری جەنگی بەدریان کردبوو هیچ یەکێکیان نەبوو کاتێ پرسیاری شتێکی لێ کرابایە پێی خۆش بوو صەحابەیەکی تر وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە !
بۆیە وایان دەکرد تا نەفسی خۆیان بپارێزن لەترسناکی فەتوادان و ترسی زیادخستنە سەر دین و کەم کردنەوە لەدین .

عبد الرحمن بن أبي ليلى رحمه الله تعالى ـدەفەرمووێ: أدركت عشرين ومائة من الأنصار من أصحاب رسول الله -صلى الله تعالى عليه وسلم- يُسأل أحدهم عن المسألة فيردها هذا إلى هذا، وهذا إلى هذا، حتى ترجع إلى الأول.

واتا: سەد و بیست هاوەڵی پێغەمبەرم بینی صلى الله تعالى عليه وسلم لەئەنصارییەکان کاتێ کەسێ پرسیاری لەیەکێکیان کردبایە ئەم هاوەڵە دەینارد بۆ لای هاوەڵێ تر وە ئەو هاوەڵەی تریش دەینارد بۆلای هاوەڵی تر تا کابرای پرسیارکار دەگەڕایەوە بۆلای ئەو هاوەڵەی کەیەکەمجار پرسیاری لێکردبوو .

سبحان الله تعالى ئەوە هاوڕێکانی پێغەمبەربوون صلى الله تعالى عليه وسلم لەفەتوایەک ئاوا ترساون کەچی دەم ڕوتەکان ـی ناو فیسبوک و تلیگرام کە نەک قورئانیان لەبەر نیە بەڵکو ناشزانن قورئانی پیرۆز بخوێننەوە
وە عەرەبی نازانن کەچی تەکفیری موسڵمانان و شێخە گەورەکانی ئیسلام و موەحیدان دەکەن پەنا بە الله تعالى !
ئاخر تۆ کەعەرەبی نازانیت چۆن لەم دینە تێگەشتی؟؟؟

هاوەڵی بەڕێـز ابن مسعود و ابن عباس رضي الله تعالى عنهم ـدەفەرموون
(من أفتى عن كل ما يُسأل فهو مجنون)

واتا: هەرکەسێ وەڵامی هەموو پرسیارێ باتەوە ئەوکەسـە شێتە .

ئیمام ـی الشَّعبي والحسن وأبي حَصين رحمهم الله تعالى- ـدەفەرموون
(إن أحدكم ليفتي في المسألة ولو وردت على عمر بن الخطاب رضي الله عنه لجمع لها أهل بدر)

واتا: کەسـێ واهەیە لەئێوەدا فەتوا ئەیـات لەبابەتێ ئەگەر پرسیاری ئەو بابەتە لە عمری کوڕی خطاب رضي الله تعالى عنە، کرابـایە هەموو هاوەڵانی ئەهلی بـەدری بۆ کۆدەکردەوە تا وەڵامی پرسیارەکە بـاتەوە

پرسـیـارکـرا لە القاسم بن محمد بن أبي بکر لەبـارەی شـتـێک لە وەڵامدا فەرمووی وەڵامەکەی نازانم!

کـابرای پرسیارکـار وتی (إني جئت إليك لا أعرف غيرك)
من هاتووم بۆلای تۆ وە جگە لەتۆش کەس شـک نابەم لێی بـپرسم
ئیمام ـی القاسم فەرمووی (لا تنظر إلى طول لحيتي وكثرة الناس حولي والله ما أحسنه)
واتا: سەیری ڕیـشە درێژەکەم و زۆری خەڵکی چواردەورم مەکە والله وەڵامەکەی نازانم)

ئیمام ـی سفيان بن عيينة وسحنون رحمهم الله تعالى: ـدەفەرموون
(أجسَر الناس على الفتيا أقلهم علما.)
واتا: بوێرترین ـی خەڵکـی لەسەر فەتوا یان خاوەن کەمترین زانستە

الأثرم رحمه الله تعالى ـدەفەرمووێت بیستم لە أحمد بن حنبل رحمه الله تعالى زۆرجار دەیـگوت نـازانم

الهيثم بن جميل رحمه الله تعالى ـدەفەرمووێت
(شهدت مالكًا سُئل عن ثمانٍ وأربعين مسألة، فقال في اثنتين وثلاثين منها : لا أدري.)

واتا: چل و هەشت پرسیار ئاڕاستەی ئیمام ـی مالک کرا بۆ سی و دوو پرسیاریان وتی نازانم !

جارێ پرسیاری پەنجا بابەت لە ئیمام مالک رحمه الله تعالی کرا وەڵامی هیچ نەیایەوە ـدەیفەرموو
(من أجاب في مسألة فينبغي قبل الجواب أن يعرض نفسه على الجنة والنار)
واتا: هەرکەســێ لەهەربابەتێ وەڵام ئەیاتەوە، ئەوا پێویستە پێش وەڵامدانەوە نەفسی خۆی بۆ بەهەشت یان دۆزەخ ئامادە بکات .
تعظيم الفتيا لابن الجوزي (1/15).
صفة الفتوى لابن حمدان (1/7).
أدب المفتي والمستفتي لابن الصلاح (1/74).

هەرکات ترسی الله تعالی ــی هەبوو ئەو کات ئەو زانستەی پێیەتی نایشارێتەوە وەکو خۆی ئەیگەیەنێت بەخەڵکی چونکە ئەزانێت فەرمانی پێکراوە بەگەیاندنی زانستی بەسوود و نەشاردنەوەی

وەك الله تعالی ـدەفــەرمووێت
(وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُ فَنَبَذُوهُ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ وَاشْتَرَوْا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ) آل عِمرَان ١٨٧

واتا: باسی ئەو خاوەن پایەمانە بکە کە الله تعالی پەیمانی لێوەرگرتن کە بەرێکوپێکی - ئەو پەیامەی بۆیان هاتووە - بەخەڵکی ڕاگەیەنن و هیچی لێ نەشارنەوە کەچی بەڵێنەکەیان فرێدایە پشتیانەوە و پشتگوێیان خست! وە بە بەهایەکی کەم ئەو پەیامە ــی الله تعالی یان فرۆشت ئای چەندە خراپ بوو ئەوەی کڕییان و سەودایان پێکرد.

ئیمام ــی ابن کثیر رحمه الله تعالی لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ـدەفەرمووێـت
ئەم ئایەتە هەڕەشەیە بۆ گشت زانایەک، ئەوانەیان گەلێ جار ڕاستییەکان لەبەردەم دەسەڵاتداراندا دەشارنەوە، یان لەبەرامبەر تەماحێکی دونیا.

وەکـ شێخ محمد باسی کرد زاناکان دوو جۆرن
یەکەم- زانا و فوقەهایانی حەقیقی
دووەم- زانا و فوقەهایانی ساختە

جۆری یەکەم لە زاناکان

ئەوانەن کە شارەزای تەوحیدن و بەجوانی لق و بەشـەکانی دەناسن و شیرک و جۆرەکانیشی دەناســن دواتر خۆیان کاری پێ ئەکەن و خەڵکیش لەسەر ئەو تەوحیدە پەروەردە ئەکەن بەبەڵگەی قورئانی پیرۆز و سوننەت بە تێگەشتنی پێشــینە چاکەکانی ئوممــەت
وە ئارام دەگرن لەسەر هەموو ئەو بەڵا و ناڕەحەتیانەی تووشیان ئەبێت

ئەم جۆرە زانایانە الله تعالى وەسفیان دەکات و لە سوونەتدا وەسف کراون

پێغەمــبەر صلى الله تعالى عليه وسلم لەبارەیانەوە فەرموویەتی
(فضل العالم على العابد كفضل القمر ليلة البدر على سائر الكواكب)
واتا: ڕێز و پلەی زانــا بەسەر بەندەکانەوە کە بەندایەتی ئەکەن بۆ الله تعالى وەک ڕێز و پلەی مانگی چواردەشەوە وایە بەسەر هەموو ئەستێرەکانەوە.
مختصر منهاج القاصدين ص 304.

جۆری دووەم ـی زاناکان

ئەوانەن کە تەوحید ئەناسن و کوفریان لێ دەرنەکەوتووە بەڵام بانگەوازی تەوحیدیان پشتگوێ خستووە لەکاتێکدا تەوحید بناغەی ئیسلامە جا لە بری گەیاندنی تەوحید
خەڵکی بانگ دەکەن بۆ نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات لەکــاتێکدا ئەگەر مرۆڤ نوێژ و ڕۆژ و حەج و زەکات و تەنانەت جیهادیش بکات بەڵام عەقیدەی پاک نەبێت لێی وەرناگیرێت و هەموو کارە چاکەکانی بەتاڵ ئەبنەوە

وەك الله تعالى ـدەفەرموویێت
﴿ وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴾. [الأنعام: 88].

واتا: ئەگەر ئەوان هاوبەشیان بۆ الله تعالى بڕیار دابوایە ئەوا هەموو کردەوەکانیانمان پوچەڵ ئەکردەوە

جا ئەگەر ئەم کەسانە تەوحید بخەنە پێش هەموو شتێکەوە لەبانگەوازکردنیاندا ئەوا الله تعالى سەری ئەخستن چونکە وەعدی بەسەرخستنی موسڵمانان گرێدراوە بەوەی مووەحید و الله پەرست بن بەتەنها وەك الله تعالى ـدەفەرموویێت
﴿ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴾. [النور: 55].

جا ئەم جۆرە زانایانە کەوازیان لە بانگەوازی تەوحید و سەرخستنی تەوحید هێناوە تەنها گرنگی بە شەعائیرەکان ئەیەن وتە و فەتوایان لێ وەرناگیرێت لە زانستەکانی تەوحید و کوفر بەطاغوت و جیهاد و ئەحکامەکانی جیهاد و خیلافەت و ئیمامەت

جۆری سێـــهەمی زاناکان بریتیە لە زانا ساختەکان

ئەوانەن تەوحید وشیرک ئەناسن بەڵام لە ترسا زانستی تەوحید ئەشارنەوە یان لەبەر تەماحێکی دوونیایی دژی شیرک قسە ناکەن ئەمانە هەر چەندە زاناش بن بەڵام الله تعالى لەعنەتی لێکردوون وەك الله تعالى ـدەفەرموویێت

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ ۙ أُولَٰئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ﴾. [البقرة: 159].

واتا: بەراستیی ئەوانەی ئەو بەرنامەو ڕێنمایە دەشارنەوە کە لەو کتێبەدا هەیە بۆ شارەزایی خەڵک

لە دوای ئەوەی دا ڕوونمان کردۆتەوە لەو کتێبەدا کەچی ئەوان دەیشارنەوە ئا ئەم کەسانە الله تعالى نەفرینیان لێ دەکا و تەواوی نەفرینکەرانیش نەفرینیان لێ دەکەن..

پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم: ـدەفەرموویێت ((مَن كتم عِلمًا ألجمَه الله بلِجام من نار)) [صحيح: رواه أحمد].واتا: هەرکەسێ زانستێکی پێ بێت و بیشارێتەوە ئەوا لەقیامەتدا الله تعالى تەوقێکی ئاگری پێوە دەکات

جۆری چوارەمـــی زاناکان

ئەو مەلا و شێخ و زانایانەن کەوا دژایەتی تەوحید و هەڵگرانی تەوحید ئەکەن بەرگری لەشیرک و لەموشـریکین ئەکەن ئا ئەمانە مورتەدن و هەڵگەڕاوەن لەدینی الله تعالى کافر و مەلعونن(مەلعونن واتا لەعنەت لێکراون)

وەک نمـوونەی بەلعامی کوڕی باعوڕا کە گەورەترین زانابوو کەچی کاتێ دژی زانستەکەی خۆی وەستایەوە و پشتگیری کوفری کرد الله تعالى بە سەگ ناوی برد لە قورئانی پیرۆزدا وەک ـدەفەرموویێت

(وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ) الأعرَاف

واتا: ئەی پێغەمبەر! -صلى الله عليه وسلم- دەنگ و باسی ئەوکەسە سەر لێشواوەیان بۆ بخوێنە کە بەڵگەو نیشانەی خۆمانمان پێدا. ئەوزانایە (بەلعەمی کوڕی باعورا)یە، کاتی موسا وبەنی اسرائیل ویستیان هێرش بەرنە سەر خۆسەپێنەرەکان بەلعەم ی کوڕی باعوڕا دژی موسا وبەنی اسرائیل دووعای دەکرد کەچی زمانی هەڵئەگەڕایەوە دووعای لەخۆیان ئەکرد بۆیە وتی

دونیا و قیامەتم فەوتا بەم هۆیەشەوە
خۆی لێدارِنین و یەخەی لێ هەڵتەکاندن «واتە: خۆی کافرکرد و نەگەڕایەوە بۆ حەق»
ئینجا شەیتان دوای هەنگاوەکانی خۆی خست جا چووە ناو ڕیزی گومڕایانەوە.

تا ئەو شوێنەی الله تعالى لەبارەیەوە فەرمووی
{ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ۚ }
واتا:نموونەی ئەو جۆرە کەسانە-لە پەستییدا- وەک نموونەی ئەو سەگەهارە وایە ئەگەر تاری بنێیت و بۆی بچیت، ئەو لە ماندوویی خۆیدا زمانت لێ دەردەکێشێ و ئەگەر وازیشی لێ بهێنی، هەر زمان دەردێنێ و خەریکی هاسکە هاسکی خۆی دەبێ.

بـۆیە زانست و زانیاری کافی نیە کاتێ بەو زانستەت دژی ئیمان بوەستیتەوە

الله تعالى ـدەفەرموويێت
﴿ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُولَٰئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴾ [الأنعام: 82].

واتا: ئەو کەسانەی بڕوایان هێناو لەهەمان کاتدا نا حەقیی و شیرکیان تێکەڵ بە ئیمانەکەیان نەکرد ئا ئەوانە ئاسایش و نەبوونی ترس لەسزای الله تعالى هەر بۆ ئەوانە وە هەر ئەوانەش هیدایەت دراون
نەک بۆ ئەوانەی کە شیرکیان تێکەڵ ئیمانەکەیان کردووە

پێغەمــبەر صلی الله تعالى علیە وسلم ـدەفەرموويێت :
((إنما أخاف على أمَّتي الأئمة المضلين))؛ [صحيح: رواه الترمذي].

واتا: ئەوەی لەسەر ئوومەتەکەم لێی ئەترسـم پێشەوایانی گومڕاکارە

رسول الله صلی الله تعالى علیە وسلم:یەکێ لەدووعاکانی ئەوەبوو ئەیفەرموو

((اللهم إني اعوذ بك مِن عِلم لا ينفع)) [رواه مسلم].
واتا: ئەی پەروەردگارم پەنات پێ ئەگرم لەزانستێک کە سوودی نەبێت بۆم
(واتە زانستێ کە کاری پێنەکەم و خەڵکی بۆ بانگەشە نەکەم)

ئەوکەسـانەشی کە شـوێن ئەم زانا خراپانە دەکەون لە قیامەتیشدا لەگەڵ ئەوان حەشـر ئەکرێن

﴿ يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ يَقُولُونَ يَا لَيْتَنَا أَطَعْنَا اللَّهَ وَأَطَعْنَا الرَّسُولا وَقَالُوا رَبَّنَا إِنَّا أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَاءَنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلا﴾ [الأحزاب: 66 - 68].

واتا: بەتایبەتی لە ڕۆژێکا کە دەم و چاویان لە ناو ئاگری دۆزەخدا ئەم دیو و ئەو دیوی پێدەکرێت تا چاک ببرژێ دەڵێن: بریا بە فەرمانی الله تعالى مان کردبایە گوێرایەڵی پێغەمبەریش باین.
وە ئەڵێن: پەروەردگارا! بێگومان ئێمە گوێڕایەڵی سەرۆکەکان و زاناکانمان بوین ئاغا و گەورەکانمان بووین و «بە گوێی ئەوانمان کرد» ئەوانیش ڕێیان لێ هەڵە کردین و «چەواشەیان کردین» .

ئیمامی ابن کثیر رحمه الله تعالى لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێ
(أي اتبعنا الأمراء والكبراء من المشيخة، وخالفنا الرسل، واعتقدنا أن عندهم شيئًا، وأنهم على شيء، فإذا هم ليسوا على شيء).

واتا: شوێن سەرکردە و گەورەکانمان کەوتین لە شێخەکان و پێچەوانەی پێغەمبەرمان کرد صلى الله تعالى عليه وسلم وە وامان گومان دەبردن ئەم شێخانە لەسەر حەقن بەڵام ئێستا دەرکەوت کە لەسەر بەتاڵن

پەروەردگاری ئێمە! دوو هێندە سزایان بدە، واتە: سزای گومڕایی خۆیان و سزای گومڕاکردنی ئێمەیان بدە نەفرینێکی زۆریان لێ بکە و لە میهرەبانی خۆت زۆر زۆر دووریان بخەرەوە.

بەڵام ئەم قسانە دادیان نایەت چونکە ئەمڕۆ تۆ ئەم بابەتە ئەخوێنتەوە هێشتا بەقسەی مەلا گومڕاکان دەکەی دەسا دڵنیابە مەلاکان و سەرۆکەکانت لەدۆزەخ ئەمەت پێ ئەڵێنەوە

(إِذۡ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَ وَتَقَطَّعَتۡ بِهِمُ ٱلۡأَسۡبَابُ) البَقَرَة : ١٦٦

واتا: ئەوکاتە کە سەرۆک و پێشەواکان، لە پەیڕەوانی خۆیان بێزار دەبن و حاشایان لێ دەکەن وخۆیان لەشوێنکەوتووانیان بەری دەکەن
کە بەچاوی خۆیان سزاکە دەبینن، هەموو پەیوەندیی و هۆیەکی نێوانیان پچڕا و لێکترازا و ئەبێت وە بەخزم و کەس و کار و گرۆهەکانیان هیچ هیوایەک نەما .

ألأَصْلُ الخَامِسُ

پێنجەم بنچینە

وە بەپێوستی ئەزانن واز لەئیمان و تەقوا بهێنێت وە ئەوکەسەی دەستگرتووبێت بە ئیمان و تەقوا ئەوە بەدۆستی الله تعالی ـی نازانن پەروەردگارمان داوای لێخۆشبوون و سەلامەتیت لیَ ئەکەیـن تۆ بیسەری دوعایت.

شێخ فەرمووی الله تعالی سیفەتی دۆستەکانی خۆی ڕوون کردۆتەوە بۆئەوەی خەڵکی لێیان تێکەڵ نەبێت دۆستەکانی الله تعالی بناسنەوە و بزانن کە کیَ دۆستی الله تعالی یە وە کـیَ دۆستی شەیطانە
وە ناسینەوەی ئەم دوو جۆرە دۆسـتە بەعەقڵ نازانرێت بەڵـکو الله تعالی لەقـورئان وسونەت ـدا بۆی ڕوونکـردووینەتەوە
وە سیفاتەکـانی دۆستەکانی الله تعالی بریتیە لەئیمان و لەشوێنکەوتنی کتاب و سوننەت و دووربوون لە بیدعە و خوراڤیـات و پابەندبوون بـە ترسان لە الله تعالی

بەڵام دۆستەکـانی شەیطان کەخۆیان ئەشوبهێنن بەدۆستەکانی الله تعالی پیشەیان بریتیە لەبانگەوازی کردن بـۆ باطل بۆ بیدعە و خراپکـاری بۆ کوفر وشیرک و هەڵگەڕاندنەوەی خەڵکـی لەدین بەڵام لەژێر نـاوی دین و بـەرگێکی دینداران
بـۆیە پێویسـتە موسـڵمان بەرچـاو ڕوون بێت تا نەخەڵەتێت بە دۆستەکـانی شەیطان چونکـە الله تعالی لەشەرعدا پێناسەی هەردوو جۆرەکەی بۆکردووین و سیفەتەکانی هەردوو کۆمەڵەکەی بۆ باسکردووین

بۆئەوەی موسڵمـان بەرچاو ڕوون بێت
وەک چۆن الله تعالی لەنێوچاوانی دەجـاڵ نوسـیوویەتی کـافر کە هەموو موسڵمانێکی خوێندەوار و نەخوێندەوار ئەیخوێنێتەوە تـا شوێنی نەکەون و پێی هەڵنەخەڵەتێن

ئـاواش بەڕوونی لەشەرعدا بۆی ڕوونکردووینەتەوە کە دۆستانی الله تعالی بەو سیفاتانە ناسراون

الله تعالی لەبارەی دۆستەکانی خۆیەوە ئەفەرموویێت
قال الله تعالی:(أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ. الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ. لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ) [يونس:62-64].

دڵنیابن دۆستانی الله تعالی لەڕۆژی قیامەت هیچ ترسێک لەسەریان نیە و بۆیان نیە و خەمباریش نابن

بنچینەی پێنجەم

شـێخ محمد ڕەحـمـەت ـی الله تعالی ـی لێبێت ئەفەرمووێت

الأصل الخامس: بيان الله سبحانه لأولياء الله وتفريقه بينهم وبين المتشبهين بهم من أعداء الله والمنافقين والفجار. ويكفي في هذا آية في سورة آل عمران وهي قوله: ﴿ قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ ﴾ (56) ، وآية في سورة المائدة وهي قوله: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ ﴾ (57)، وآية في سورة يونس وهي قوله: ﴿ أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ (58)، ثم صار الأمر عند أكثر من يدعي العلم وأنه من هُداة الخلق وحفاظ الشرع إلى أن أولياء الله لا بد فيهم من ترك اتباع الرسل ومن تبعهم فليس منهم ولابد من ترك الجهاد فمن جاهد فليس منهم ولابد من ترك الإيمان والتقوى فمن تعهد بالإيمان والتقوى فليس منهم. . يا ربنا نسألك العفو والعافية إنك سميع الدعاء.

واتا: الله تعالی ڕوونیکردۆتەوە کە دۆستانی الله تعالی کێن وە جیاوازی کردووە لەنێوان دۆستە ڕاستەقینەکانی الله تعالی لەگەڵ ئەوانەی کەدۆستی الله تعالی نین بەڵام خۆیان لەبەرگی دۆستانی الله تعالی پیشان ئەیەن و خۆیان وەک دۆستانی الله تعالی ئەشوبێهنن لەدووژمنەکانی الله و لەمونافیقەکان و خراپکارەکـان ئەوە بەسە کەلەم ئایەتەی سورەتی ال عمران هاتووە کە
الله تعالی
فەرموویەتی (ئەی محمد صـلـی الله علیە وسـلـم پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە الله تعالی تان خۆشەوێ شوێنی من بکەون ئەوکـات الله تعالی ـش ئێوەی خۆشەوێت)

وە ئەو ئایەتەش لەسورەتی المائدە کە الله تعالی فەرموویەتی (هەرکەس لەئێوە لەدینەکەی پاشگەزبێتەوە ئەوا الله تعالی گەلانێ تر ئەهێنێت کەئەو کەسـانە الله تعالی یان خۆشەوێ و الله تعالی ـش ئەوانی خۆشەوێ)

وەئەو ئایەتەش کە الله تعالی فەرموویەتی
(دڵنیابن دۆستانی الله تعالی لەڕۆژی قیامەت هیچ ترسێک لەسەریان نیە وبۆیان نیە وخەمباریش نابن)

پاشان وای لێهات لەلای زۆرێ لەوانەی خۆیان بەخاوەنی زانست ئەزانن وەخۆیان بەهیدات دراوترینی مخلوقات ئەزانن و خۆیان بەپارێزەری شەرع ئەزانن وا تێگەشتوون دۆستی الله تعالی کەسێکە کە ئەبێت وازی هێنابێت لەشوێنکەوتنی پێغەمبەران وەئەوەی شوێن پێغەمبەران بکەوێ بەدۆستی الله تعالی ـی نازانن بروایان وایە دۆستی الله تعالی کەسێکە وازی هێنابێت لەجیهاد ئەوەی جیهاد بکات بەدۆستی الله تعالی ـی نازانن و لەدۆستانی الله تعالی نیە لەلای ئەوان

ئیمام ــی ابن کثیر رحمه الله له "تەفسیرەکەیدا " (4/278):ئەفەرمووێت

"يخبر تعالى أن أولياءه هم الذين آمنوا وكانوا يتقون، كما فسرهم ربهم، فكل من كان تقيا كان لله وليا: أنه لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ فيما يستقبلون من أهوال القيامة

واتا: الله تعالى لەوئایەتە هەواڵی ـداوە کە دۆستەکانی ئەوانەن کەئیمانیان هێناوە وە تەقوای الله تعالى ئەکەن وەکــچۆن الله تعالى بەو شێوە پێناسەی کردن کەوابوو هەرکەســێ لە الله ترس بێت وتەقوای الله تعالى بکات ئەوکەسـە دۆستی الله تعالى یە وە لەقیامەت ترسی بۆنیە

رسول الله صلى الله عليه وسلم ئەفەرمووێت

(إن من عباد الله عبادا يغبطهم الأنبياء والشهداء يومَ القيامةِ بمكانِهم مِن اللهِ تعالى قالو يارسول الله تُخبِرُنا مَن هم قال: هم قوم تحابوا في الله من غير أموال ولا أنساب، وجوههم نور على منابر من نور، لا يخافون إذا خاف الناس، ولا يحزنون إذا حزن الناس. ثم قرأ: أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ)

واتا: لەناو بەندەکانی الله تعالى کەسانێک هەن کە پێغەمبەران و شەهیدەکان ئاواتیان پێ ئەخوازن بۆ ئەو پلە و پایەی پێان دراوە لەلایەن الله تعالى وترا ئەو کەسـانە کێــن ئەی رسول ــی الله صلى الله علیەوسـلم
فەرمووی ئەوانە کەسـانێکن لەپێناو الله تعالى یەکتریان خۆشویستووە بەبێ ئەوەی نزیکایەتی خزمایەتی یان ماڵ و سامان لەنێوانیـاندا هەبێت دەموچـاویان ئەدرەوشێتەوە وە لەسەر میمبەری درەوشاوە دائەنرێن ترسیان نیە کـاتێ خەڵکی ئەترسێت
وەخەم ناخۆن کاتێ خەڵکـی خەم ئەخوات پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە
(دڵنیابن دۆستانی الله تعالى لەڕۆژی قیامەت هیچ ترسێک لەسەریان نیە وبۆیان نیە وخەمباریش نابن) رواه أبو داود بإسناد جيد

پێغەمــبەر صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێت

إنَّ اللَّهَ قالَ: مَن عادَى لي وَلِيًّا فقَدْ آذَنْتُهُ بالحَرْبِ، وما تَقَرَّبَ إلَيَّ عَبْدِي بشَيءٍ أحَبَّ إلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عليه، وما يَزالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إلَيَّ بالنَّوافِلِ حتَّى أُحِبَّهُ، فإذا أحْبَبْتُهُ، كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذي يَسْمَعُ به، وبَصَرَهُ الَّذي يُبْصِرُ به، ويَدَهُ الَّتي يَبْطِشُ بها، ورِجْلَهُ الَّتي يَمْشِي بها، وإنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ، ولَئِنِ اسْتَعاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ... صحيح البخاري6502

الله تعالى فەرموویەتی ئەوکەسەی دژایەتی دۆستێکم بکات ئەوا جەنگ لەدژی ڕائەگەیەنم (لێرەوە سیفەتەکانی دۆستەکان ـی الله تعالى باس ئەکات ئەفەرمووێت)

بەندەکەم بەشتێک لێم نزیک نابێتەوە لەلام خۆشەویست بێت وەک کردنی ئەو شتانەی کەلەسەری فەرزمکردووە (واتا خۆشەویسترین کار لەلای الله تعالى کردنی فەرزەکانە)

بەندەکەم بەردەوام سونەتەکان جێ بەجێ ئەکات تاخۆشم ئەوێت (واتا مەرجێکی تری دۆستانی الله تعالى شوێنکەوتنە بۆ سوننەت)

کە منیش بەندەیەکم خۆش بووێت ئەبم بەو بیستنەی کەپێی ئەبیستێت (واتا گوێ ناگرێت لەشتێک کە الله تعالى پێی ناخۆش بێت)

وەئەبم بەوچاوەی کەشتی پێ ئەبینێت (واتا هەموو کاتێ گەورەی و ترسی الله تعالى ـی لەبەرچاوە سەیری شتێ ناکات کە حەرام بێت و الله تعالىٰ پێی خۆش نەبێت)

ئەبم بەودەستەی کەهەڵمەتی پێ ئەبا (واتا دەستی ناجوڵێنێ ئیلا بۆشتێ نەبێت کە الله تعالىٰ پێی خۆشە و پێی ڕازیە)

وە ئەبم بەو قاچەی پێی ئەڕوات
(واتا قاچی ناجوڵێنێت تەنها بۆ حەڵاڵی الله تعالى و ڕازی بوون الله تعالى نەبێت)
ئەم بەندەیەم ئەگەر داوام لێ بکات پێی ئەبەخشم
پەنام پێ بگرێت پەنای ئەیەم.

کەواتا الله تعالى ڕوونیکردۆتەوە دۆستانی الله تعالى ئەوانەن ئیماندارن عەقیدەکەیان وەک عەقیدەی هاوەڵان و تابعین و سەلەفە و بەتەقوان شوێنکەوتەی سوننەت ـن و دوورن لەهەموو تاوانێک
چونکە ڕازیبونی الله تعالى تەنها بۆ ئەوانەیە کە لەبیروباوەڕ و دینداریدا شوێنی هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم ئەکەون

قال الله تعالى
وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًاۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ)

واتا: لە دەستەی یەکەمی پێشەنگی کۆچکەران و پشتیوانان و ئەوانەشی شوێنیان ئەکەون بە چـاکە ئەوانەش اللە تعالی لێیان ڕازی بووە و ئەوانیش بە اللە تعالی ڕازییبوون. بەدەر لەوەش چەندان باخ و بێستانی بۆ سازداون کە بە بەر درەخت و کۆشکەکانییدا ڕووبار گەلێ دەچێت بە هەتا هەتاییش تێیدا دەمێننەوە هەر ئەوەیشە دەسکەوت و سەرفرازیی گەورە و بە نرخ

کەواتـا تائێرە بەپوختی زانیت دۆستی اللە تعالی سیفەتەکـانی چیـە ؟

وەک ئیمـــام ـی شافعی ئەفەرمووێت
إذا رأيتم الرجل يمشي على الماء ، ويطير في الهواء ، فلا تعتبروا به حتى تعرضوا أمره على الكتاب والسنة .

واتا: ئەگەر پیـاوێکت بینی بەسەر ئاودا ڕێ ئەکـات وە بەئاسمـاندا ئەفڕێت بڕوای پێ مەکەن تا کارەکانی بە قورئان و سوننەت ئەپێون تا ئەزانن چەندێ پابەندە بە قورئانی پیرۆز و سوننەت (شرح العقیده الطحاویه ابن ابی العز)

واتـا دۆسـتی اللە تعالی کەسـێکە بەکردار و تەقوا و ئیمان هەڵئەسنگێنرێت کە کارەکانی موافق بوون لەگەڵ کتاب و سوننەت و عەقیدەی پاک بوو ئەوە دۆستی اللە تعالی یە
وە اللە تعالی کەڕامەت و ڕێزی بەخشیووە بە دۆستانی خۆی لە دوونیا و قیامەت

بەڵام وەک ئیمامی شافعی فەرمووی گەر بینیت بە ئاسمان ئەفڕێت بەڵام عەقیدە و ئاکاری لەگەڵ قورئانی پیرۆز و سوننەت پێک نە ئەهاتەوە ئەوا دۆسـتی شەیطانە و خاوەن کەڕامەت نیـە بەڵکـو یارمەتیدەرەکەی شەیطانە

پاشان شێخ فەرمووی رحمە اللە تعالی
پاشان وای لێهات لەلای زۆرێ لەوانەی خۆیان بەخاوەنی زانست ئەزانن وەخۆیان بەهیدایەت دراوترینی مخلوقات ئەزانن و خۆیان بەپارێزەری شەرع ئەزانن

لەبنچینەی چوارەم باسی ئەم جۆرانەمان کرد کە لەناو زاناکاندا بەزانای خراپ ناسراون کەدینی اللە تعالی ئەگۆڕن حەق ئەکەن بە باتڵ و باتڵ ئەکەن بەحەق لە هەمان کاتدا خۆیـان لەبەرگی دیندار پیشان ئەیەن تا خەڵکـی گومڕا بکەن

ابن مسعود ئەفەرمووێت
خطَّ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ خطًّا بيدِه ثم قال : هذا سبيلُ اللهِ مستقيمًا، وخطَّ خطوطًا عن يمينِه وشمالِه، ثم قال : هذه السبلُ ليس منها سبيلٌ إلا عليه شيطانٌ يدعو إليه، ثم قرأ : وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكم عَنْ سَبِيلِهِ

واتا: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هێڵێکی ڕاستی کێشا بەدەستی فەرمووی ئەمە ڕێگاڕاستەکەی الله تعالى یە پاشان لەتەنیشت ئەو هێڵە ڕاستەوە چەند هێڵێکی تری کێشا بەلای ڕاست و چەپی هێڵەکەدا پاشان فەرمووی ئەم ڕێگایانەش هەر ڕێگایەکی شەیطانێکی لەسەرە و خەڵکی بانگ ئەکات بۆی پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە (ئەم هێڵە ڕاستەیە بەرنامە و ڕێبازەکەی منە، دەسا ئێوەیش ئەی ئیمانداران ! هەمیشە شوێنی بکەون و هەر بەودا بچن مەکەونە شوێنی ڕێچکەکانی تر، ئەوکات لەشا ڕێگەکەی الله تعالى بترازێن وجیاببنەوە)أخرجه أحمد (4142)

پـاشان شێخ فەرمووی
وا تێگەشتوون دۆستی الله تعالى کەسێکە کە ئەبێت وازی هێنابێت لەشوێنکەوتنی پێغەمبەران وەئەوەی شوێن پێغەمبەران بکەوێ بەدۆستی الله تعالى ـی نازانن

واتـا ئەم جۆرە بانگخوازە لادەرە گومڕایـانە
پێیان وایە کەسێک کە شوێن عەقیدەی پێغەمبەران بکەوێت
کوفر بەطاغوت بکـات دژایەتی شیرک و موشرکیـن بکات ئەوکەسە بەخەواریج ناو ئەبەن بەڵام کەسێک کەوا طاغوت بپەرستێ وشەریک بۆ الله تعالى بڕیار ئەیات ئەم کەسانە بەچاکەکار و ئەهلی ئیمان ئەزانن
ئا بەو شێوەیە حەقیقەتەکان هەڵئەگەڕیننەوە

ئیمام ـی بوخاری لە خلق أفعال العباد " (ص/67) فەرموویەتی ویذکرون عن علي رضي الله عنه قال : (يأتي على الناس زمان لا يبقى من الإسلام إلا اسمه ولا من القرآن إلا رسمه)

واتـا: لەئیمام ـی علی یەوە باسکراوە ڕەزای الله تعالى ـی لێ بێت (سەردەمانێ دایەت بەسەر خەڵکی ـدا لەئیسلام تەنها ناوەکەی ئەمێنێتەوە (واتـا هێندە بانگخوازی گومڕای زۆرە ئیسلامـی حەقیقی ون ئەبێت ئەوەی خەڵکـ ناویان لێ ناوە ئیسـلام لەحەقیقەتدا تەنها ناوەکەی ئیسـلامـە بەڵام دینی ئیسلامەکەی الله تعالى نیە) وە قـورئانی پیرۆزدا تەنها وێنەکەی ئەمێنێتەوە (واتـا حوکم وپەیڕەوی لێ ناکرێت ئەمانەش هەمووی بەهۆکاری بانگخوازەکانی دۆستی شەیطان کە تەبدیل وتەحریف ـی دینی الله تعالى ئەکەن)

پــاشان شێخ فەرمووی
بڕوایان وایە دۆستی الله تعالی کەسێکە وازی هێنابێت لەجیهاد ئەوەی جیهاد بکات بەدۆستی الله تعالی ـی نازانن و لەدۆستانی الله تعالی نیە لەلای ئەوان

ڕێـک باسی سەردەمی ئەمڕۆی ئێمـەیە
موجاهیـد بە خراپکار ناو ئەبرێت
وئەوەشـی دژی جیهادە و بڕوای بەجیهاد نیــە

ئەوکەسـە بەچاکەکار ناو ئەبرێت و بەبانگخوازی حەق و ڕاستی دائەنرێت

ڕێـک وەک ئەو فەرموودەیەی کەوا أخرجه ابن ماجه (4036) گێڕاویەتیەوە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەفەرمووێت

سالأنێك بەسەر خەڵکیدا دێت سالأنی هەڵخەڵەتێنەرە
کەسی درۆزن بەڕاستگۆ دادەنرێت و ڕاستگۆش بەدرۆزن دادەنرێت وەکەسی خائــین بە ئەمین دادەنرێت وکەسی ئەمین بەخائین دادەنرێت

لای ئەو بانگخوازانە جیهاد نەکـردن کاریٚ باشە
بەڵام الله تعالی لەقورئانی پیرۆزدا ـدا فەرموویەتی
{والذين جاهدوا فينا لنهدينهم سبلنا} [العنكبوت: 69]
واتا: [ئەوانەی جیـهاد دەکەن لەپـێناو ئێمـە(واتا موجاهێدیٚ کە بۆ بەرزکردنەوەی وشەی الله وحوکمـی الله تعالی شەرێکات) ئا ئەوانە ڕێنمای دەکەین بۆ ڕێـگای حەقەکەمان

شيخ الإسلام امامي ابن تيمية رحمه الله تعالی: ـدەفەرمووێـت
(ولهذا قال الإمامان عبد الله بن المبارك وأحمد بن حنبل وغيرهما: إذا اختلف الناس في شيء فانظروا ماذا عليه أهل الثغر فإن الحق معهم
لأن الله تعالی يقول: {والذين جاهدوا فينا لنهدينهم سبلنا} [العنكبوت: 69]"

هەربۆیە هەردوو ئیمام عبداللە ـی کوڕی مبارکـ و ئیمام احمد بن حنبل فەرموویانە ئەگەرخەڵکـ لەبابەتێـک ڕاجیاوازبوون سەیری ڕەئـی ئەهلی جـیهاد بـکەن بزانن ئەوان لەسەر چی بۆچونێکن چونکە الله تعالی فەرموویەتی
[{والذين جاهدوا فينا لنهدينهم سبلنا}] [مجموع الفتاوى: ج28/ص442]

پاشـان شێخ فەرمووی
وە بە پێویستی ئەزانن واز لەئیمان و تەقوا بهێنێت وە ئەوکەسەی دەستگرتووبێت بە ئیمان و تەقوا ئەوە بەدۆستی الله تعالى ـی نازانن

واتا بۆئەوەی بەجوانــی لات ڕوون بێت هەرکەسـێکت بینی خۆی بەدۆستی الله تعالى پیشان ـدا سەرەتــا سەیری عەقیدە و ئیمانەکەی بکە
چونکە دۆستانی الله تعالى لەسەر عەقیدە و ئیمانی پێغەمبەر و صحابەن
بەڵام دۆستانی شەیطان بانگەشە ئەکەن بۆ ڕێباز و عەقـیدەیەک کە پێچەوانەی ڕێباز و عەقیدەکەی پێغەمبەر صلى الله تعالى علیه وسلم و هاوەڵانێتی
چونکە ئامانج ـی شەیطان دوورخستنەوەی خەڵکــە لەودینە حەقە
وەکە کەســەکە دژی ڕێبازە حەقەکە بوو ئەوا ئەبینیت لەگەڵ ئەهلی باطل تێکەڵ ئەبێت بەم شێوەیە بەهۆی تێکەڵ بوونی لەگەڵ ئەهلی باطل تەقوای الله تعالى ناکات دۆستایەتی دووژمنانی الله تعالى ئەکات و دوژمنایەتی دۆستانی الله تعالى ئـەکات لەگوفتاردا ئەبینیت زۆرێکیــان
وەک ئەهلی حەق خۆیان پیشان ئەیەن لافـی شوێنکەوتنی قورئان و سوننەت لێ ئەیەن تاخەڵکـی لەدەوری خۆیـان کۆبکەنەوە بــەڵام لەحەقیقەت و ناوەڕۆکدا کارەکانیان بۆدوورخستنەوەی خەڵکە لەشەرع ـی الله تعالى
وەک ئیمـام ـی ابن قیم الجوزیة رحمه الله تعالى: ئەفەرمووێت
(علماء السوء جلسوا على باب الجنة، يدعون الناس إليها بأقوالهم، ويدعون إلى النار بأفعالهم!)الفوائد، لابن القيم، ص (٦١).

زاناخراپکارەکان لەدەروازەی بەهەشت دانیشتوون خەڵـکی بۆ بەهەشت بانگ ئەکەن بە وتەکانیان بەڵام بەکردارەکانیان خەڵکی بۆ دۆزەخ بانگهێشت ئەکەن .

وەک پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم فەرموویەتی
(دعاةٌ على أبواب جهنم، من أجابهم إليها قذفوه فيها)أخرجه البخاري (٣٦٠٦)، ومسلم (١٨٤٧).

واتا: بانگخوازن لەسەر دەروازەکانی دۆزەخ هەرکەسێ وەڵامیـان باتەوە فڕێی ئەیەنە دۆزەخەوە

الله تعالى موسڵمانان بەرچاو ڕوون بـکات لەناسینەوەی دۆستانی الله تعالى وە هەوڵ بات خۆشی یەکێک بێت لەدۆستانی الله تعالى وە بەرچاو ڕوونی بکات لەناسینەوەی دۆستەکانی شەیطان تاپەنا بە الله تعالى بگرێت و یەکێک نەبێت لە دۆستەکانی شەیطان

ألأَصْلُ السَّادِسُ

شەشەم بنچینە

بنچینەی شەشەم

رَدُّ الشُّبهَةِ الَّتِي وَضَعهَا الشَّيطَانُ فِي تَرْكِ الْقُرْآنِ وَالسُّنَّةِ وَاتِّبَاعِ الآرَاءِ وَالأَهْوَاءِ المُتَفَرِّقَةِ المُخْتَلِفَةِ، وَهِيَ أَنَّ الْقُرْآنَ وَالسُّنَّةَ لَا يَعْرِفُهُمَا إِلَّا المُجْتَهِدُ المُطْلَقُ، وَالمُجْتَهِدُ هُوَ المَوْصُوفُ بِكَذَا وَكَذَا أَوْصَافًا لَعَلَّهَا لَا تُوجَدُ تَامَّةً فِي أَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ، فَإِنْ لَمْ يَكُنِ الإِنْسَانُ كَذَلِكَ فَلْيُعْرِضْ عَنْهُمَا فَرْضًا حَتْمًا لَا شَكَّ وَلَا إِشْكَالَ فِيهِ، وَمَنْ طَلَبَ الهُدَى مِنْهُمَا فَهُوَ إِمَّا زِنْدِيقٌ وَامَّا مَجْنُونٌ؛ لِأَجْلِ صُعُوبَةِ فَهْمِهِمَا فَسُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ كَمْ بَيَّنَ اللهُ سُبْحَانَهُ شَرْعًا وَقَدَرًا خَلْقًا وَأَمْرًا فِي رَدِّ هَذِهِ الشُّبهَةِ المَلْعُونَةِ مِنْ وُجُوهٍ شَتَّى بَلَغَتْ إِلَى حَدِّ الضَّرُورِيَّاتِ العَامَّةِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ: لَقَدْ حَقَّ الْقَوْلُ عَلَى أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ ۝ إِنَّا جَعَلْنَا فِي أَعْنَاقِهِمْ أَغْلالاً فَهِيَ إِلَى الأَذْقَانِ فَهُمْ مُقْمَحُونَ ۝ وَجَعَلْنَا مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدّاً وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدّاً فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لا يُبْصِرُونَ ۝ وَسَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنْذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنْذِرْهُمْ لا يُؤْمِنُونَ ۝ إِنَّمَا تُنْذِرُ مَنِ اتَّبَعَ الذِّكْرَ وَخَشِيَ الرَّحْمَنَ بِالْغَيْبِ فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ وَأَجْرٍ كَرِيمٍ [سُورَة يَس: 7-11].

آخرا الحمد لله رب العالمين وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليمًا كثيرًا إلى يوم الدين

شـێخ ئەفەرمووێت
وەڵامدانەوەی ئەو گومـانەی شەیطان دایناوە بۆ وازهێنان لەقورئان و سوننەت لەپێناو شوێنکەوتنی بۆچوون و ئارەزووە جیاواز و پەرشوبڵاوەکـان گومـانەکەش ئەوەیـە ئەڵێن قورئان وسوننەت کەس لێی تێناگات تەنهـا مەگەر زانایەکی موجتەهید نەبێ وە بۆ ئەم زانا موجتەهیدەش هەندێ مەرج و وەسفیان ـداناوە کەلەوانەیە ئەو مەرجـانە بەتەواوی لە ئیمامی ئەبوو بـکر و ئیمامی عمــریش نەبێت رضي الله تعالی عنهم وارضاه
ئەڵێن ئەگـەر مرۆڤ ئەومەرجانەی تێدانەبوو ئەوا پێویستە لەسەری پشت هەڵکات لەوەرگرتن لەقورئان و سوننەت وە بڕوای وایـە ئەوەی بەدوای هیدایەت بگەڕێ لەقورئان و سوننەت ئەوا ئەو کەسـە یان بەشێت یان بەزندیق ئەزانن چونکە پێیان وایە زۆر قورسە لەقورئـان وســوننەت تێ بگەن بەڵام الله تعالی چەندە ڕوون ئەم شتەی ڕوونکردۆتەوە لەڕوانگەی شەرعی و قەدەری و درووستکراوەکانیشیەوە وە بەفەرمان بۆ پووچەڵکـردنەوەی ئەم گومانە نەفرەتیە بەچەندان شێوازی جۆرا و جۆر کە ڕوونکردنەوەکـان گەشتۆتە ئاستـی پێویستیە گشتیـەکان بەڵام زۆرینەی خەڵک نازانن
الله تعالی فەرموویەتی
لَقَدْ حَقَّ الْقَوْلُ عَلَى أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ ۝ إِنَّا جَعَلْنَا فِي أَعْنَاقِهِمْ أَغْلالاً فَهِيَ إِلَى الأَذْقَانِ فَهُمْ مُقْمَحُونَ ۝ وَجَعَلْنَا مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدّاً وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدّاً فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لا يُبْصِرُونَ ۝ وَسَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنْذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنْذِرْهُمْ لا يُؤْمِنُونَ ۝ إِنَّمَا تُنْذِرُ مَنِ اتَّبَعَ الذِّكْرَ وَخَشِيَ الرَّحْمَنَ بِالْغَيْبِ فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ وَأَجْرٍ كَرِيمٍ [سُورَة يَس: 7-11].

بەڕاستیی فەرمان و تۆڵەی الله تعالی لەسەر زۆریکیان بەدی هات، ئینجا ئەوانیش بڕوا ناهێنن بێگومان ئێمە زنجیر دەخەینە ملیان و هەردوو دەستیان ئەوسا هەتا چەناکەیان شەتەک دەدەین، ئیتر سەریان بەرز ڕادەوەستێ و ناتوانن بەهیچ لایەکدا بیجوڵێنن و ڕێگەی ڕاست نابینن. مەبەست ئەوەیە چۆن مرۆڤێک هەردوو دەستی ببەسترێ بە مل و گەردنی خۆیەوە ئیتر ناتوانێ سەر دانەوێنێ و ڕێگە ببینێ، ئەوانیش بەهۆی لاساری خۆیانەوە دوور خراونەتەوە لە ڕێگەی ڕاست. لەمپەرمان خستۆتە پێشیان پشتیانەوە
جا بەو هۆیەوە تارمایی چاویانیشمان داپۆشی و پەردەمان هێنا بەسەریاندا، ئینجا پاش و پێشی خۆیان نابینن.
وە چ بیانترسێنی، چ نەیانترسێنی، بۆ ئەوانە وەکو یەکە، واتە: خۆت ماندوو بکەیت لەگەڵیاندا، یان نا ئەوان هەر بڕوا ناهێنن، چونکە ترساندن بۆ ئەوانە کەڵکی نابێ .
ترس وە بەرهێنانەکەت تەنها بۆکەسێک کەڵکی دەبێ کە پەیڕەوی هەر لە قورئان وسوننەت بکات لەپەنهانیشدا لە الله تعالی ـی بەخشەر و بەبەزەیی بترسێت ئینجا موژدەی لێبوردن و پاداشتێکی چاکی پێ بدە.

لەکـۆتایشدا سوپاس بۆ پەروەردگـاری جیهانیان و درودی سەلامـی الله تعالی لەسەر محمد و لەسەر کەسوکارانی و هاوەڵانی تارۆژی قیامەت
شـێخ فەرموی گومانێکیان داڕشتووە ئەڵێن نابێت گەنجێک یان ئافرەتێک یان مێردمنداڵێک یان پیاوێکی بەتەمەن بۆکـەسیان دروست نیە بچن بەڵگە بهێننەوە بەقورئان وسوننەت چونکە قورئانی پیرۆز وسوننەت

ئەڵێن تەنهـا کەسـێک بۆی هەیە بەقورئانی پیرۆز و سوننەت حوکم و بڕیاربدات کە ئەوکەسـە لێی تێ ئەگات مەرجەکانی تێگەشتینیش بۆ قورئانی پیرۆز وسوننەت لەلای ئەم جۆرە خەڵکە مەرجانێکی یەکجار زۆرن

بۆنمونە ئەڵێن ئەبێت ئەو کـەسە عالم بێت بەزمانی عەرەبی هەموو قورئانی لەبەر بێت هەزاران فەرموودەی لەبەربێت وە نحو و صرف و بەلاغە و هەموو زمانی عەرەبی بـزانێت وەشارەزابێت لە شیعری عەرەبی و قافیە و وەزن ـی شیعر وە شارەزابێت بەهەموو اصول الفقهـ و ...هتد و وەک شێخ فەرموی ئەوەندە مەرجیان ـداناوە کەڕەنگە هەموو مەرجـەکان لە ئیمامی ابو بکر و ئیمامی عمریشدا نەبێت

ئەمەش گومڕاییە گومڕاییەکی ئاشـکرا.
دانانی ئەو مەرجانە بۆ تێگەشتن لەقورئان وسوننەت بیدعەیە، چونکە الله تعالی هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندووە

پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم فەرموویەتی (ما بال أقوامٍ يشترطون شروطًا ليست في كتابِ اللهِ ، ما كان من شرطٍ ليس في كتابِ اللهِ فهو باطلٌ وإن كان مئةَ شرطٍ ، كتابُ اللهِ أحقُّ ، وشرطُ اللهِ أوثقُ)

واتا: ئەوانە چیانە کەسانێک مەرجانێک دائەنێن کە ئەو مەرجانە لە کیتاب ـی الله تعالى باسنەکراوە هەر مەرجێک لەکتاب ـی الله تعالى باسنەکرابێت ئەوا پوچەڵە ئەگەر سەد مەرجیش بێت کتاب ـی الله تعالى حەقترە وە مەرجی الله تعالى پتەوتر و جێگیرترە
مسلم (1504) والبخاري (2168)

کەواتا لەکوێی قورئان وسوننەتدا هاتووە کەکەس نابێت دین لەقورئان و سوننەت وەربگرێت تەنها بەومەرجانە نەبێت ؟؟؟

لەکاتێکدا الله تعالى ئەفەرموویێت
{ اتَّبِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ } سورة الأعراف ٣

واتا: خەڵکینە! هەرچی لەلایەن پەروەردگارتانەوە دابەزێنراوە بۆتان، پەیڕەوی بکەن شوێنی شتی ترمەکەون ئێوە زۆر کەم بیردەکەنەوەو ئامۆژگاری وەردەگرن!

کەواتا الله تعالى فەرمانی پێکردووین شوێن بڕیار و فەرمان و دابەزێنراوەکەی خۆی بکەوین

وە الله تعالى فەرموویەتی: {كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ}
واتا: ئەمە کتێبێکە پیرۆز، دامان بەزاند بۆ تۆ ئەی موحەممەد! -صلى الله تعالى عليه وسلم- تا ئەوانە لە ئایەتەکانی ڕابمێنن وە خەڵکە ژیرەکانیش ئامۆژگاری لێوەرگرن.
سورة ص الآية ٢٩
ئەوانەی ئەڵێن قورئانی پیرۆز و سوننەت قورسە و لێی تێناگەین ئەوانە ئایەتی الله تعالى یان بەدرۆخستۆتەوە
چونکە الله تعالى فەرموویەتی: {وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ}سورة القمر ١٧
واتا: سوێند بێت بێگومان ئێمە قورئانمان ئاسانکردووە بۆ ئامۆژگاریی و پەند گرتن جا ئایا ئامۆژگاریگرو پەند وەرگرێ هەیە ئامۆژگاریی و پەند وەرگرێت؟.

وە الله تعالى ڕوونیکردۆتەوە کەئەوانەی پشت هەڵئەکەن لەخۆتێگەیاندنیان بەقورئان و بەسوننەت ئەوانە خێریان تێدانیە ئەگەر خێریان تێدابووایە الله تعالى تێگەشتنی قورئان وسوننەتی لەسەر قورس نەئەکردن

وەک الله تعالى ئەفەرمووێت {وَلَوْ عَلِمَ اللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأَسْمَعَهُمْ ۖ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّوا وَّهُم مُّعْرِضُونَ}
واتا: خۆ ئەگەر الله تعالى خێری تیادا بەدی بکردنایە (کارێکی دەکرد کە وشەی حەق و ئامۆژگاریەکانی قورئان ببیستن و لێی تێ بگەن، بەڵام بۆ خۆی دەزانێ کە خێریان تێدانیە چونکە (گریمان پێیشیان ببیسێ و تێشیان بگەیەنێت ڕوویان وەردەگێڕا و دەرۆیشتن و باوەڕیان نەدەهێنا) سورة الأنفال ٢٣

پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم ئەفەرمووێت
(إِنِّي قَدْ تَرَكْتُ فِيكُمْ شَيْئَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُمَا : كِتَابَ اللَّهِ وَسُنَّتِي
(رواه الحاكم في مستدركه)

واتا: من دووشتم بۆ بەجێ هێشتوون دەستیان پێوەبگرن گومڕانابن کتاب ـی الله تعالى وسونەتەکەم .

پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم دەستگرتنی بەکتاب وسونەت بەڕزگاربوون ناوبردووە کەچی ئەونەفامانە گەڕانەوە بۆ کتاب و سوننەت بەگومڕای وخەواریج ـی بوون ناوئەبەن

هاوەڵی بەڕێز ابن مسعود رضي الله تعالى عنه وارضاه ئەفەرمووێ
(أن سمعت قول الله يأيها الذين أمنوا فأعرها سمعك)
واتا: هەرکات وتەی الله تعالى ـت بیست ئەفەرمووێ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەوا گوێی خۆت بۆی شل بکە و سەرنجت لەسەری بێت .
أخرجه ابن أبي حاتم في "تفسيره" (1/ 196)- الأثر (1037).

هاوەڵی بەڕێز ابن عباس رضي الله تعالى عنه وارضاه ئەفەرمووێت
التفسير على أربعة أوجه : وجه تعرفه العرب من كلامها ، وتفسير لا يعذر أحد بجهالته ، وتفسير يعلمه العلماء ، وتفسير لا يعلمه إلا الله تعالى ذكره

تەفسیری قورئان لەسەر چوار شێوەیە
1 شێوەیەکی عەرەب لێی تێ ئەگات بەهۆی زمانەکەی خۆیان
2 تەفسیرێک هیچ کەسێ عوزری بۆ نیە بەنەزانینی(لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە فەرموویەتی [ان التفسير اربعة حلال وحرام لا يعذر أحد بجهالته]
تەفسیر چوار جۆرە حەڵاڵ وحەرام کەس عوزری بۆنیە کەنەیزانێت)
3 تەفسیرێک کەزاناکان ئەیزانن
4 تەفسیرێک کەتەنها الله تعالى ئەیزانێت .
أخرجه الفريابي في القدر (414)،والطبراني في ((مسند الشاميين)) (1285)

بەم شێوە گەشتنیە کۆتای پوختە شەرح ـی اصول الستە ـی
شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب رحمە اللە تعالی والحمدللە رب العالمین
لەم ئەثەرە صەحیحە ڕەدی تێدایە بۆ سێ کۆمەڵ

①ڕەددە بۆ سۆفیەکان کەپێیان وایە کەس نیە لە قورئانی پیرۆز تێبگات تەنها عالم لێی تێ ئەگات
بەڵام ابن عباس رضي اللە تعالی عنە وارضاە فەرمووی بەشێ لەقورئانی پیرۆز عەرەب بەزمانی خۆی لێی تێ ئەگات
وبەشێ تری تەفسیری قورئانی پیرۆز کەس عوزری نیە ئەگەر لێی تێنەگات بەڵکو ئەبێت خۆی لێی فێربکات ئەویش بابەتی ئەحکامە کە بریتیە لەناسینی حەرامیەتی شیرک وبیدعە و مەعسیەت

② ڕەددی تێدایە بۆ مورجیئەکان کەئەڵێن هەموو جەهل و نەزانینێک عوزرە بەڵام ابن عباس رضي اللە تعالی عنە وارضاە فەرمووی عوزر نیە لەجاهل بوون بەو تەفسیرە

③ ڕەدی تێدایە بۆ نیظامیەکان جماعەتی ئەبوو محمد سنەیی کەپێیان وایە پێویست ناکات بۆ زانایان بگەڕێینەوە لەکاتێکدا ابن عباس رضي اللە تعالی عنە وارضاە فەرمووی تەفسیری هەندێ شت هەیە کەتەنها زاناکان ئەیزانن

بەڵێ گەڕانەوە بۆ لای زاناکان فەرمانی پێغەمبەرە صلى اللە علیە وسلم
ئیمام ـی احمد بەژمارە (3056) ریوایەتیکردووە لە(ابْنَ عَبَّاسٍ قَالَ: أَصَابَ رَجُلًا جُرْحٌ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ثُمَّ احْتَلَمَ فَأُمِرَ بِالِاغْتِسَالِ فَاغْتَسَلَ فَمَاتَ، فَبَلَغَ ذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللَّهُ أَلَمْ يَكُنْ شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالَ.

واتا: لەسەردەمی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم پیاوێک بریندار بوو پاشان لە خەودا تووشی لەشگرانی بوو خەڵک پێیان ووت غوسل بکە ئەویش غوسل ـی کرد و بەو هۆیەوە مرد
ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەر صلى اللە علیە وسلم ئەویش فەرمووی کوشتیان اللە تعالی بیانکوژێ ئایا چارەسەری نەزانین پرسیارکردن نیە ؟ !

کەواتا پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم هاوەڵانی فێری ئەوە کردووە کە لەشتێک ئەگەر شارەزانەبوون پرسیار لەکەسێ بکەن لەخۆیان شارەزاتربێت
بەقسەی جەماعەتی سننەی پێغەمبەر صلى اللە علیە وسلم پەنا بە اللە تعالی کوفری کردوە چونکە لەلای جەماعەتی سننەی پرسیارکردن و فەتوا وەرگرتن لەکەسێ کەلەخۆت زاناتربێت کوفر وشیرکە لاحول ولاقوة إلا باالله

بەڕاســتی وەک ابن رجب رحمه الله تعالی لە "کشف الکربة"هێناویـەتی ئیمام ـی الأوزاعي رحمه الله تعالی لەڕاڤەی فەرموودەی پێغەمــبەر صلیالله تعالی علیه وسلم کە فەرموویەتی
(بدأ الإسلام غريباً وسيعود غريباً كما بدأ)
واتا: ئیســلام بەنامۆی هات دیـسان نامۆ ئەبێتەوە وەک چۆن سەرەتا دەستی پێکرد فەرموویـەتی
أما إنه ما يذهب الإسلام ولكن يذهب أهل السنة حتى ما يبقى في البلد منهم إلا رجل واحد
واتا : ئیسـلام لەناوناچێت و ناڕوات بەڵکـو ئەهلی ســوننەت ئەڕۆن تاوای لێدێت لەوڵاتێکدا یەکـ کەسێ لەئەهلی سوننەت ئەمێنێتەوە

بـۆیە لەغیاب وکەمبـوونی ئەهلی سوننەت و بانگخوازانی ئەهلی ســوننەت ئەبینیت ئەهلی باطل لەسۆفیـەکان و گۆڕپەرستەکان لەئەشـعەری و موعتەزیـلەکان لەخەواریج و مورجیئـەکان لەعـوومی و حەمدانیەکــان میمــبەریان بۆ تەرخان کــراوە کەناڵ و مزگەوتیان پێدراوە تــا کاربکەن بۆ شێواندنی عەقــیدە ڕاستەڕێکەی ئەهلی سوننەت وخۆشیان وخەڵکیش توشــی گومڕای وبیدەع وکوفربــکەن

بەم شـێوەیە گەشــتنیە کۆتای پوختەشەرح ـی اصول الســته ـی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب رحمه الله تعالی
والحمــدلله رب العالمــين

مامۆستا ئوسـامە تەوحیـدی (شارەزووری) (عفا الله تعالی عنه وثبته الله تعالی)

پێرست

بابەت | لاپەڕە

ژیان نامەی ئیمام 3-8
بنچینەی یەکەم .... 9 - 15
بنچینەی دووەم .... 17 - 22
بنچینەی چوارەم .... 32 - 41
بنچینەی سێیەم .... 24 - 30
بنچینەی پێنجەم .... 43 - 50
بنچینەی شەشەم .... 52 - 55
کۆتای و ڕوونکردنەوە .... 56 - 57

الأصول الستة

لشيخ الإسلام محمد بن عبد الوهاب

شەش بنچینەکە

شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی

لەلایەن شێخ ئوسامە تەوحیدی

(شارەزووری)